دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com
ژمارە: ٥٥٧
چوارشەممە ٣١ی خاکەلێوە ١٣٩٠ - ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١١ ١٥٠ تمەن ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

مافی مرۆڤ

کارەساتی کەمپی ئەشرەف، لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ
٤

سیاسی

پرۆژەی یاسای دەوڵەتی کردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان
٦

دیپلۆماتیک

بایەخی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دانانی ناوچەی دژە فڕین و ...
٨

ڕووداوەکانی ناوچە

شەپۆلی گۆڕانەکانی سووریە
٩

# ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە ئێران پەرەیان سەندوە

## ئاسۆ لێڵەکانی ساڵی جیهاد و قەڵەمبازی ئابووری

قادر وریا

خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا، ساڵی ١٣٩٠ی بە ساڵی جیهادی ئابووری ناودێر کرد.

پەنا بردن بۆ ئەم جۆرە ناوانە، مانای ئەوەیە نیزام لەگەڵ کۆمەڵێک قەیران و گرفتی گەورە بەرەوڕوویە کە خەڵک لە پلەی یەکەمدا دەبێ تەحەمولیان بکا و دژایەتیی سەرانی ڕێژیم بە بۆنەی ئەو قەیران و گوشارانە نەکەن. لە پلەی دووهەمیش دا دەبێ قۆڵی لێ هەڵماڵن و پشتێندەکانیان توندکەن و «قەناعەت» و «عزت نفس»یان هەبێ و لە ڕێگای قبووڵی بەرنامە و تەرحە ئابوورییەکانی نیزام و هاوکاری کردن و ملدان بۆ ڕێگا چارە عەنتیکە و سەیر و سەمەرەکانی ئەو ڕێژیمە جیهاد بکەن و بە لە خۆگرتنی بە دوور لە پرتە و بۆڵەی هەموو نەبوونی و گوشارەکان، پشتی دوژمنان بشکێنن!

ساڵی ١٣٩٠ لەنێو ناڕەزایەتیی دەربڕین و مانگرتنە کرێکارییەکاندا، کۆتایی پێهات و ساڵی نوێ بە دەرکەوتنی شوێنەوارەکانی بەڕێوەچوونی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان دەستی پێکرد. هێشتا مانگێک لە ساڵی نوێ تێپەڕ نەبووە کە مانگرتنی دە هەزار کرێکاری دامەزراوە پێترۆشیمییەکان دەستی پێ کردوە و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی بەرپرسان بۆ شکاندنی مانگرتن و ترساندنیان هەروا، درێژەیان هەیە. کرێکارانی پاڵاوتنگەی ئابادان و کرێکارانی نەساجی (چنین)ی قەزوین، سەبارەت بە دواکەوتنی چەندین مانگەی حەقدەستەکانیان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە و کەوتوونە ناڕەزایی دەربڕین. هێندێک لە خاوەن کامیونەکان و کرێکاران بەر دەرکی مەجلیسیان گرتوە و دژی بارودۆخی دڵتەزێنی کار و ژیانی خۆیان دەنگیان هەڵبڕیوە.

ئەم مانگرتنە کرێکارییانە لە کاتێکدا دەستیان پێکردوە کە هاتنەوەی قەبزی گاز و چوونە سەری نرخی ئەو سووتەمەنییە بە شوێن دەست پێکردنی گەڵاڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکاندا، بووە هۆی سەرسوڕمانی بە کارهێنەرانی و ئێستا خەریکە خۆبواردن لە دانی پووڵی قەبزی گاز وەک دژکردەوە و وڵامێک بە سیاسەتە ئابوورییە نوێیەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد، دەبێتە هەڵوێستی خەڵک.

شارەزایانی ئابووری و تەنانەت هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیس و بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی شوورا ئیسلامییەکانی کارو یەکییەتییەکانی کرێکاران و بەرهەمهێنەرانیش، باس لە داخرانی ژمارەیەکی زیاتر لە سەنعەتەکانی وڵات و بێکار بوونی ژمارەیەکی زۆر لە وەرزێران، بەرەو ژوور چوونی ئاماری ٤ میلیۆنی بێکاران، دابەزینی گەشەی ئابووریی ئێران تا پلەی سیفر و دابەزینی زۆر پتر لە پێشووی توانای کڕینی خەڵک دەکەن.

ل٣








هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی بەشێکی زۆر لە پێداویستییە ڕۆژانەکانی خەڵک، ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە چەند شاری ئێران دەستی پێکردوە.

مانگرتنی سەدان کرێکاری پێترۆشیمی ماهشەهر لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و پێڕاگەیشتن بە بارودۆخی کرێکاران، نزیک بە دوو هەفتەیە بەردەوامە و نوێنەرانی کرێکاران ڕایانگەیاندوە کە تا سەرنەگرتنی داخوازییەکانیان لەسەر مانگرتنەکەیان بەردەوام دەبن. ئەو مانگرتنەی کرێکارانی پێترۆشیمی ماهشەهر لە لایەن کرێکارانی چەندین شیرکەتی گەورەی دیکەوە پێشوازی لێکراوە. لە لایەکی دیکەوە هاوکات لەگەڵ بەردەوام بوونی مانگرتنی کرێکارانی پێترۆشیمی ماهشەهر، کرێکارانی پێترۆشیمی بەندەری خومەینی، بووعەلی، ئەروەند، ئەمیرکەبیر، خوزستان، فەجر و ڕازی دەستیان بە مانگرتن کردوە و تا ئێستاش درێژەیان هەیە. کرێکاران وێڕای ناڕەزایەتی لە کەمیی حەقدەستەکانیان، شیرکەتە پەیمانکارەکان بە شێوازی نوێی کۆیلەداری دەزانن و خوازیاری هەڵوەشانەوەی ئەو شیرکەتانەن.

هەروەها کرێکارانی شیرکەتی «ذوب و فلزات ابهر»، «نارنج قزوین»، «گوشت زیاران»، «مخابرات راه دور شیراز»و... چەندین شیرکەتی دیکە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە نیشانەی ناڕەزایەتیی لە وەدواخستنی پێدانی حەقدەستەکانیان دەستیان بە مانگرتن کردوە. هێندێک لەو شیرکەتانەی ناوبراو لە نێوان ساڵێک تا دوو ساڵە حەقدەستی کرێکارەکانیان نەداوە.

بە بڕوای بەشێک لە کارناسان بەهۆی بارودۆخی خراپی ئابووری و ئاکامەکانی تەحریمەکان و هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکەکان لە ماوەی ڕابردوودا و سووربوون لەسەر جێبەجێ کردنی ئامانجدار کردنی یارانەکان، دەوڵەت بە ئاسانی ناتوانێ داخوازی کرێکاران جێبەجێ بکاو هەر بۆیە دەبێ چاوەڕوانی پەرەسەندنی زیاتری ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان بین.

## ڕاگوێزرانی ٣٥ زیندانیی سیاسیی کورد بۆ گرتووخانەی گەوهەردەشتی کەرەج

٣٥ زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ئێوینەوە بۆ زیندانی گەوهەردەشتی کەرەج گوێزراونەتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ ئەو ٣٥ کەسە کە تا ئێستا ناو و شوناسیان نەزانراوە، ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ی خاکەلێوە بۆ گرتووخانەی گەوهەردەشت گوێزراونەتەوە و بە جۆرێک ئەشکەنجە کراون کە دەنگی ناڵە و هاوارەکانیان لە بەندی ١ ی ئەو گرتووخانەیەش بیستراوە.

شایانی باسە کە گرتووخانەی گەوهەردەشتی کەرەج یەکێک لە ترسناکترین و بەدناوترین گرتووخانەکانی ڕێژیمە کە تێیدا گیراوانی سیاسی بە توندترین شێوە ئەشکەنجە دەکرێن و تەنانەت زیندانییە عادییەکانیش لە کەمترین ئیمکانات و ماف و حەقی قانوونیی خۆشیان بێبەشن.

چالاکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ڕاگواستنی زیندانیانی سیاسیی کورد بە مەبەستی ئەشکەنجە بۆ گرتووخانەی گەوهەردەشتی



کەرەج داوای لە کومیسێری تایبەتیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کە پەروەندەی پێشیلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ شوورای ئەمنیەتی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز بکاتەوە.

## هەوڵ بۆ ناساندنی ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ بە ڕۆژی مامۆستای کورد دەدرێ



کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد بە وەڕێخستنی کەمپین و هەروەها بە چالاکی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن کە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ ڕۆژی لەسێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر، وەک ڕۆژی مامۆستا لە کوردستان بناسێندرێ.

ئەم هەوڵانە تا ئێستا پێشوازییەکی بەرچاوی لێ کراوەو پێش بینی دەکرێ لە ڕۆژانی داهاتوودا زیاتر پشتیوانی لەم ئیدە بکرێ.

مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، مامۆستایەکی دڵسۆزی کورد بوو کە ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕدا لەگەڵ ٤ کەسی دیکە لە هاوڕێیانی شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی و مەهدی ئیسلامیان لە سێدارە دران کە لەسێدارەدانیان لەگەڵ شەپۆلێکی ناڕەزایەتی بەربڵاو ڕووبەڕوو بوویەوەو خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا مانگرتنێکی گشتی و بێ وێنەیان بەڕیوە برد.

## وڵاتانی عەرەبیی داوا لە شووڕای ئاسایش دەکەن پێش بە دەستێوەردانەکانی ئێران لەو وڵاتانەدا بگرێ

ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی خاکەلێوە شووڕای هاوکاریی وڵاتانی عەرەبیی کەنداوی فارس، داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و شورای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کە پێشگیری لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا بکەن.

هەواڵدەریی فەرانسە لەم پێوەندییەدا بڵاوی کردۆتەوە کە ئەم شووڕایە لە کۆتایی کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە، کە لە عەرەبستان بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئاڵۆزی بەحرەین بەڕێوەچوو، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و شووڕای ئاسایشی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دەیهەوێ بە مەبەستی نەهێشتنی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ئەم وڵاتانە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر.

هەروەها لە بەیاننامەی ئەم شووڕایەدا هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەی عەرەبستان لە ئێران بە توندی مەحکووم کراوەو داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردوە کە کۆتایی بەم گێرەشێوێنیانە بێنێ.

چەند کاتژمێر پێش لە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە دەوڵەتی عەرەبستان ڕایگەیاند کە ئەگەر ئێران نەتوانێ ئاسایشی دیپلۆماتەکانی وڵاتەکەی بپارێزێ، دیپلۆماتەکانی لە ئێران دەکێشێتەوە. هەر لەم پێوەندییەدا وەزیری دەرەوەی عەرەبستان ڕایگەیاند هیوادارم ناچار نەبین



کە دیپلۆماتەکانی خۆمان لە ئێران بکێشینەوە و پێوەندی لەگەڵ ئێران بپچڕێنین.

شایانی باسە کە، دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە لە حاڵێکدایە کە حوسێن ئەڵڵا کەرەم سەرۆکی شووڕای هاوئاهەنگیی هێزەکانی حیزبۆڵڵا، عەرەبستانی وریا کردەوە کە ئەگەر عەرەبستان لە وڵاتی بەحرەین نەڕواتەدەر بڕیاری کۆتایی ئێران عەمەلیاتی شەهادەتخوازانەیە.

هەر لەم پێوەندییە وەزیری دەرەوەی بەحرەین ڕایگەیاند تا هەڕەشەی دەرەکیمان لە سەر بێ هێزەکانی عەرەبستان لە بەحرەین دەمێننەوە.

## خۆپێشاندانەکانی خوزستان ٣٠ کوژراو و برینداریان لێکەوتۆتەوە




بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵی عەڕەبی زمان لە خۆپێشاندانەکانی خوزستان دا تا ئێستا ٣٠ کوژراو و برینداری لێ کەوتۆتەوە و بە دەیان کەسیش دەسبەسەر کراون.

خۆپێشاندانی عەڕەبەکانی خوزستان لە ساڵڕۆژی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٤ پاش ئاشکرا بوونی بەڵگەنامەیەکی نهێنی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕینی دێموگرافیای خوزستان، خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەفتە دژی دەوڵەت ڕاپەڕین.

یوسف عەزیزیی بەنی تۆرف نووسەر و چالاکی سیاسیی ئەهواز لە وتووێژێکدا لەگەڵ «روز ئانلاین» ڕایگەیاند کە خۆپێشاندانەکانی ئەمساڵی خوزستان لە لایەن کۆمەڵێک لە لاوانەوە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئینتێرنێتییەکاندا ڕێکخرابوو و کاریگەری ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی وڵاتانی عەڕەبی بە سەرەوەیە.

شایانی باسە زنجیرە خۆپێشاندانەکانی ئەمساڵی خوزستان لە لایەن میدیا فارسی زمانەکانەوە گرینگی پێ نەدراوە و چالاکانی خوزستانی ئەو بایکۆت کردنە بە نیشانەیەکی مەترسیداری هەڵاواردنی نەتەوەیی دەزانن.

# سەردانی هەیئەتێکی حدک لە بنکەی سەرکردایەتیی «پ ک ک» لە بناری قەندیل

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان( پ ک ک)، دوو هێزی دیاری بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی کوردستان بۆ باس لە سەر هێندێک باسی سیاسی لە گەڵ یەکتر کۆبوونەوە.

ڕۆژی یەکشەمە، ٢١ی خاکەلێوە هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی بنکەی سەرکردایەتیی پ ک ک لە بناری قەندیلی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی خانەخوێ بە سەرۆکایەتیی مراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤا کوردستان پێشوازی لێ کرا.

لەو دیدارەدا ئاڵوگۆرە سیاسییەکانی ئێستای دنیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خرانە بەر باس و دوو لایەن لە سەر کۆمەڵێک پرس و بابەتی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

دوو هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پ ک ک لە دیدارێکی دۆستانە و گەرموگوڕدا و لە باسەکانی پێوەندیدار بە کوردستاندا لە سەر سێ تەوەری گرینگ و هەستیار و پێویستی ئێستا گفتوگۆیان کرد کە بریتی بوون لە:

- پێویستیی هاودەنگی لە سەر یارمەتیدان بە پرسی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد.
- پێویستیی هاوکاری بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد بۆ وێنە دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی هەرێمی باشووری کوردستان.
- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاودەنگی و هاوکاریی نەتەوەیی کورد وەک زەروورەت و پێویستییەکی هەنووکەیی.

شایانی باسە کە بەڕێزان حەسەن ڕەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسی، برایم زێوەیی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و ئەحمەد سادق پوور، کادری لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەندامانی دیکەی هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئەو سەردانە بوون.

دوو لایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پ ک ک لە کۆتایی ئەو دیدارەدا پێیان لە سەر پێویستیی بەردەوامیی ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە داگرتەوە.

# سەردانی شاندێکی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بۆ دەفتەری نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر

هەیئەتێکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێریان کرد.

هەینی سێ شەممە ٢٣ ی خاکەلیوەی ١٣٩٠ شاندێکی مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مێقداد عەلی، بەرپرسی پێوەندییە کوردستانی و نیشتمانیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب بە سەرپەرستیی عومەر باڵەکی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حدک لە هەولێر پێشوازییان لێ کرا.

هەردوو هەیئەت وێڕای تاوتوی کردني هەلومەرجی ئێستای ناوچە وبە گشتی کوردستان و هەروەها پێویستیی پتەو کردنی دۆستایەتیی نێوان هەر دوو حیزب، پێیان لە سەر پتەوکردنی پێوەندییەکانیان و ئاڵوگۆری بیروڕای نێوانیان کردەوە.

# کێشە دروستکردنی ئێران لە سەر ڕێی چالاکیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئێران



دوو ڕێکخراوی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ نیگەرانیی خۆیان لە پەسندکردنی یاسای نوێ لەلایەن ناوەندە قەزاییەکانی ئێرانەوە بۆ چاودێریی بە سەر چالاکیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ئێران دەربڕیوە.

دوو ڕێکخراوی چالاک لە بواری مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبووردن و ڕێکخراوێکی دیکە بە ناوی نەوەی سێهەم، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوایان لە ئەندامانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران کردوە تا لە پێشنیاری دامەزراندنی ناوەندێکی چاودێری بە سەر چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دا خۆی ببوێرێ.

ئەم دوو ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ لە بەیاننامەکەیاندا باسیان لەوە کردوە کە پەسندکردنی ئەو پێشنیارە و دانانی ئەم ناوەندە چاودێرییە دەبێتە هۆکارێک بۆ فشار و سەرکوتی زیاتر و هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆکان لە ئێرانی لێ دەکەوێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبووردن و ڕێکخراوی نەوەی سێیەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە پەسەند کرانی ناوەندی چاودێریکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لێدانی بزمارێکی دیکە لە تابوتی ئازادیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ئێران دایە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بەتایبەتی دامەزراوەکانی چالاک لە بواری ماف مرۆڤ بەوە تاوانبار دەکەن کە لە پێناو ئامانجی دوژمنانی ئێراندا هەنگاو دەنێن و لە دەرەوەی ئێران را پشتگیری دەکرێن.

شایانی باسە کە ڕێکخراوی نەوەی سێیەم، ڕێکخراوێکی مەدەنییە کە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە و ناوەندە سەرەکییەکەی لە ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندەو ئامانجەکەی بەرەو پێشبردنی ئاشتی، دیموکراسی و مافی مرۆڤە.

# ڕاگەیاندراوی پشتیوانی لە کەمپەین ١٩ی بانەمەڕ، ڕۆژی مامۆستای کورد. فەرزاد کەمانگەر مامۆستای مرۆڤایەتی...



حزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکان، ڕووناکبیران و کەسایەتییە سەربەخۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە یەکەمین ساڵیادی شەهیدبوونی مامۆستای بلیمەت و مافخواز و یەکسانی و مامۆستای ڕێگای بەرخۆدان بۆ گەیشتن بە ئازادی، هەمیشە لە یاد فەرزاد کەمانگەر، داوا لە هەموو لایەک دەکەین کە پشتیوانی لە کەمپەینی (١٩ی بانەمەڕ ، ڕۆژی مامۆستای کورد، فەرزاد کەمانگەر مامۆستای مرۆڤایەتی) بکەن.

فەرزاد کەمانگەر تێکۆشەری بلیمەت کە لە پۆلەکانیدا وانەی ئازادی دەخوێندرا و ئەندێشەی یەکسانی مرۆڤ، نووسینی شەوی قوتابییەکانی بوو، مامۆستایەک کە بە مەرگی سەربڵندانەی «ماسییە ڕەشە بچکۆلانە«ی سەمەد بەهرەنگی جارێکیتر لە زەینی هەموو تاکێکدا خولقاندەوە و لە سەرووی سێدارەش بەو بێدەنگییەی کە بە هەزاران زمان قسەی دەکرد، «خەمی من جۆگەلە نییە، ژیانە لە گەڵ ئەو ماسییانەی کە ئەندێشەی دەریا بە مێشکیاندا نەهاتووە«ی وتەوە.

ئێستا فەرزاد خۆی ڕێبازێکە بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مەزنی مامۆستایەک کە بەسەر ڕێی ئازادیدا دەڕوات. پلە و پایەی فەرزاد لە ئاستێکدایە کە دەتوانین ئەو وەک ئوستوورە و هێما و سیمبولی مامۆستایەکی ئازا و تێکۆشەر بۆ خزمەتی منداڵانی زوڵملێکراو و ژێردەستەی کورد ناو بنێین.

لەم ڕووەوە دەبێ بە هاوکاری هەموو لایەک ڕۆژی شەهید بوونی ئەم مامۆستا تێکۆشەرەی ڕێگای ئازادی گەل کە گیانی خۆی لەم ڕێگەیەدا بەخشی و بۆ ساتێکیش دەستی لە ئامانجە مرۆیەکانی نەکێشایەوە، ناوی «ڕۆژی مامۆستای کورد» ناو بنێین.

**لە گەڵ ڕیزماندا**
**بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد و ئێرانی**
**١٦/٤/٢٠١١**

# کۆبوونەوەی کومیتەی ٩ حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوئێد

بۆ شەشەمین جار کومیتەکانی دەرەوەی وڵاتی ٩ حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆبوونەوە

ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٠ نوێنەرانی ٩ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆبوونەوە و پرسەکانی پێوەندیدار بە چۆنیەتی بەرین کردنەوەی پێکهاتەکەیان و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا چۆنیەتی هاوکاری و هاوپێوەندی کومیتەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوئێد سەرلەنوێ تاوتوێ کرایەوە و کۆمەڵێک پێشنیار بۆ چۆنیەتی میکانیزمەکانی کارکردن بۆ نزیکایەتی لە گەڵ ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی بەشداریان نەکردوە، هاتنە بەرباس.

بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە کە هەر ٣ مانگ جارێ کۆدەبنەوە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەیاندا لەسەر ڕوداوەکانی ئەم دواییانەی ناوچەو کوردستان بڵاو کردەوە وەک،مەحکوم کردنی جینایەت و کوشتار، سەرکوت، دەستبەسەرکردن و سەرکوتی کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە ڕاپەڕینی ئەو دواییەی دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی بەشار ئەسەد.

مەحکوم کردنی پەلاماری نیزامیی بۆ سەر کەمپی ئەشرەف کە بووە هۆی کوژرانی پتر لە ٣٠ کەس و بریندار بوونی پتر لە ٣٠٠کەس و گیرانی چەندین کەس.

هەروەها باسیان لەوە کردوە کە، زمانی کوردی لە باکووری کوردستان فەرمی بێ، هێرشە نیزامییەکانی تورکیە ڕاگیرێ، تەواوی زیندانییە سیاسییەکان ئازاد کرێن.

ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کومیتەکانیان پێکەوە کۆدەبنەوە بریتین لە، جوڵانەوەی دێموکراتیکی یارسان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان – کومیتەی سوید، حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێوەندییە کوردستانییەکان- دەرەوەی وڵات، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک)، کۆمەڵە- پارتی سوسیال دێموکراتی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد – لە ئورووپا، پارتی سەربەستی کوردستان، ڕێکخراوی خەبات ی شۆڕشگێڕی کوردستان.

# مەحکومکردنی ئێران سەبارەت بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم لە لایەن فراکسیۆنە کوردییەکانی پارلمانی عیراقەوە



فراکسیۆنە کوردییەکانی پارلمانی عیراق بە توندی تۆپبارانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ ی خاکەلێوە فراکسیۆنە کوردییەکانی پارلمانی عێراق وێڕای نارەزایەتی دەربڕین لە بەردەوامیی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن تۆپخانەکانی ئێرانەوە، داوایان لە حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە هەموو هەوڵەکانیان بۆ کۆتایی پێهێنان بەو دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی بەکار بێنن.

مۆیەد تەیب، وتەبێژی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان بە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباسی ڕاگەیاندوە کە هاوپەیمانیی کوردستان لە پارلمانی عێراق بە نیگەرانییەوە بەدواداچوونی تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم لە لایەن سپای ئێرانەوە دەکا و حەوتووی داهاتوو فراکسیۆنە کوردییەکانی پارلمانی عیڕاق لە شاری بەغدا کۆ دەبنەوە و بە ڕەسمی هەڵوێستی خۆیان لەو بارەوە ڕادەگەیەنن.

ناوبراو هەروەها گوتی کە هەوڵ دەدەین پرسی تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم ببەینە نێو هۆڵی پارلمانی عێراق و لەوێ تاوتوێی بکەین.

## مەحموود عوسمان: بەم زووانە دەوڵەتەکەی مالیکی هەڵ دەوەشێ



یەکێک لە پارلمانتارانی سەر بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ڕایگەیاندوە کە دەوڵەتەکەی مالیکی بەرگەی ئەم هەموو گرفتو کێشە و قەیرانەی ئێستا ناگرێو بە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبوونی ناکۆکییە سیاسییەکان بەم زووانە هەڵ دەوەشێتەوە.

بە پێی هەواڵێکی ماڵپەڕی دەستوور، دوکتور مەحموود عوسمان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندوە کە ڕووداوە ئەمنیەتییەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی پێگەی مالیکیو حکوومەتەکەی زۆر لاواز کردوەو بە هۆی دواکەوتنی دەستنیشانکردنی وەزیرە ئەمنیەتییەکان نارەزایەتیی گەورە لەپارلمانی عێراق دروست بووە.

دوکتور مەحمود عوسمان هەروەها کوتویەتی کە بە هۆی زۆربوونی ناکۆکییە سیاسییەکان زەحمەتە ئەم حکوومەتە ناوی حکوومەتێکی یەکیەتیی نیشتمانی لە سەر دابنرێ و وتیشی پێشبینی دەکەم کە حکوومەتی مالیکی تا ماوەیەکی دیکە هەڵ بوەشێتەوە.

## نامەی محەممەد سدیق کەبوودوەند بۆ لیوشیائۆبۆ، براوەی چینیی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل

محەمەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان نامەیەکی بۆ لیوشیائۆبۆ، براوەی چینیی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل نووسیوە.

لەو نامەیەدا کەبوودوەند ڕوو بە لیوشیائوبو نووسیویەتی کە لە گەڵ ئەوەی تا ئێستا لە نیزیکەوە چاوم بە ئیوە نەکەوتوە، بەڵام زۆر خۆشحاڵم کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە ئێوەی خۆشەویست بڕاوە و زۆریش بەوە تێکچووم کە دەوڵەتی چین ئیزنی ئەوەی بە جەنابتان و بە هاوسەرەکەتان نەدا کە بۆ خۆتان ئەو خەڵاتە وەر گرن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەیەدا هاتوە کە ئەمن، محەمەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانم کە تەنیا بە تاوانی بەرگری لە مافی مرۆڤی هاونیشتمانەکانم حوکمی ١١ ساڵ زیندانم بە سەردا سەپاوە.

کەبوودوەند لەو نامەیەدا نووسیویەتی کە بەڕێز لیوشیائۆبۆ! دەسەڵاتی وڵاتەکەی منیش وەک دەسەڵاتی وڵاتەکەی تۆ دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک و ئیدۆلۆژیکە کە تەنانەت چۆن لیباس لە بەر کردن و چی خواردن و چی خواردنەوە و چۆن بیرکردنەوەی خەڵکەکەشی خستوتە ژێر چاوەدێریی وردی خۆیەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەیەدا هاتوە کە « لیوشیائۆبۆی خۆشەویست! ئەمن تاکێک لە حەشیمەتی



١٠ میلیۆن کەسیی کورد لە ئێرانم کە بۆ خۆی بەشێک لە حەشیمەتی ٤٠ میلیۆن کەسی لە نەتەوەیە کە لە عێراق و سورییە و تورکییە دا دەژین. نەتەوەی کورد کە دوایَ عەرەبەکان، فارسەکان و تورکەکان چوارەمین نەتەوەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن، هیچ جۆرە نەخشێکیان لە بەڕیوەبردنی کاروباری خۆیان، تەنانەت لە بواری فەرهەنگیشدا نیە و نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان بێبەشن و ناتوانن لە سەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن».

لە کۆتایی ئەو نامەیەدا هاتوە کە ئەمن و ئێوە و هەزاران کەسی دیکە لەو دنیایە لە پێناو ئازادی و بەختەوەری و وەدیهاتنی دێموکراسی و مافی مرۆڤدا خەبات دەکەین، بەشکم منداڵان و ڕۆڵەکانی ئێمە و گەلەکەمان لە ئازادیدا بژین و بە مافەکانیان بگەن.

### بەیاننامە:

## هێرش بۆ سەر کەمپی ئەشرەفی موجاهیدین ، ڕابگرن

شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی(٨ی ئاوریل)، هێزێکی ئەرتەشی عێراق، تەیار بە تانک و زرێپۆش، هێرشی کردە سەر دانیشتووانی بێ دیفاعی کەمپی ئەشرەف. بە گوێرەی ئەو دیمەنانەی کە لە تەلەڤیزیۆنی «سیمای آزادی»( تەلەفیزیۆنی ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران) بڵاودەبنەوە، ژنان و پیاوانی سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدین کە لەو کەمپەدا دەژین، بە دەستی بەتاڵ بەرەنگاری هێرشی بەرینی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق بوونەتەوە. لە ئاکامی پەلاماری دڕندانەی ئەو هێزانەدا هەتا کاتی نووسینی ئەم ڕاگەیەندراوە (دوانیوەڕۆی هەینی) بە دەیان کەس لە موجاهیدین گیانیان لە دەست داوە و سەدان کەسیش بریندارن. هێرشی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لە کەمپی ئەشرەف دا هەر بەردەوامە. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە جگە لە بوونی نا ئەمنی، ئیمکاناتی ئەو کەمپە بۆ ڕاگەیشتن بە بریندارەکان، بە هۆی گەمارۆیەک کە لە مێژە خراوەتە سەر کەمپی ئەشرەف، زۆر کەمە و لە دەرەوەی کەمپەکەش واتە لە شارەکانی عێراق، گیانی بریندارەکان لە لایەن بە کرێگیراوانی ڕێژیمی ئێران لە ژێر مەترسیدایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوانی هێرشی چەکدارانە بۆ سەر دانیشتووانی بێ چەک و بێ دیفاعی کەمپی ئەشرەف، ئەویش لە لایەن ئەرتەشەوە بە توندی مەحکووم دەکا و بەم بۆنەیەوە هاودەردیی خۆی بە ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران وبنەماڵەی قوربانییەکان ڕادەگەیەنێ. گومانی تێدا نییە کە نیاز و نەخشەی قەڵاچۆی دانیشتووانی ئەو کەمپە، هی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە بەهۆی دەست و پێوەندەکانی ئەو ڕێژیمە لە خاکی عێراقدا، جێ بەجێ دەکرێ. دەوڵەتی ئەمریکاش کە کاتی خۆی لەسەر دەستی ئەو وڵاتە، دانیشتووانی کەمپی ئەشرەفی چەک کران، لە بەرامبەر پاراستنی گیانی دانیشتووانی کەمپەکە بەرپرسەو پێویستە بە مەبەستی ڕاگرتنی ئەو هێرشەو وەدەرنانی هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئەرتەشی عێراق هەنگاوی بەپەلە هەڵ بگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییەکان بە پێی ئەرکی مرۆڤدۆستانە و بەرپرسایەتییەکانیان لە ئاست ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی یەکان و لە دەوڵەتی ئەمریکا بەتایبەتی سەبارەت بە بەرپرسایەتییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی گیانی دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف دا، داوا دەکا هەنگاوی جیددی بۆ ڕاگرتن و کۆتایی هێنان بەم پەلامارە بەربڵاو و شەرماویە هەڵ بگرن و ڕێگا چارەیەکی یەکجاری بۆ ڕزگاریی دانیشتووانی ئەو کەمپە لە هێرش و پیلانە یەک بە دوای یەکەکان لە عێراق دا، بدۆزنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**دوانیوەڕۆی ٢٠١١/٤/٨**
**١٣٩٠/١/١٩**

## کۆبوونەوەی حیزبەکانی باکووری کوردستان بۆ تاوتوێکردنی هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی ئەو وڵاتە

حیزبەکانی باکووری کوردستان بۆ یەکخستنی دەنگەکانیان و ناردنی هەرچی زۆرتری پارلمانتاری کورد بۆ پارلمانی تورکیە لە دەوری یەک کۆ بوونەوە.

بە پێی هەواڵێکی سایتی «ئەن سۆن خەبەر»ی تورکی، لەسەر پێشنیاری «کۆنگرەی جڤاکی دیموکرات» بە سەرۆکایەتیی «ئەحمەد تورک» و «ئایسەل تۆغلوک»، حیزبەکانی باکووری کوردستان «پارتی ئاشتی و دیموکراسی»، «پارتی بەشداریی دیموکراسی» و «پارتی ماف و ئازادییەکان» لە دانیشتنێکی هاوبەشدا بابەتی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پارلمانی تورکیەیان تاوتوێ کرد و لە سەر زۆربەی خاڵەکان لە پێوەندی لە گەڵ بەشداریی هاوبەشی ئەو حیزبانە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پارلمانی دا ڕێک کەوتن.

بڕیارە «بایرام بۆزیا» سەرۆکی «پارتی ماف و ئازادییەکان» وەک کاندید بۆ شاری دیاربەکر دەستنیشان بکرێ و «شەرەفەدین ئەلچی» سەرۆکی «پارتی بەشداریی دیموکراسی» وەک کاندیدێکی دیکە بەشدار بێ، بەڵام شوێنەکەی دیاری نەکراوە.

بایرام بۆزیا ڕایگەیاندوە کە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ ئەحمەد تورک و ئایسەل تۆغلوک بەردەوام دەبێ و ئەگەر ئەم کۆبوونەوانە ئەرێنی بن، لەو شارانەی پارلمانتاری سەربەخۆ بەشدار بێ، ئەوان کاندیدا دیاری ناکەن و تەنیا لەو شارانە کاندیدا دەستنیشان دەکەن کە کاندیدای سەربەخۆی نەبێ، بۆ ئەوەی تا ئەو جێگایەی بکرێ ژمارەیەکی زیاتر پارلمانتاری کورد ڕەوانەی پارلمانی تورکیە بکەن.

## بەیاننامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبووردن سەبارەت بە پەلامارەکەی سەر کەمپی ئەشرەف

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبووردن لە بەیاننامەیەدا کە سەبارەت بە پەلاماری هێزەکانی ئەرتەشی عێراق بۆ سەر کەمپی ئەشرەف بڵاوی کردۆتەوە، داوای کردوە کە لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەنانە لەسەر ئەو ڕووداوە بکرێ.

ڕێکخراوی نێودەولەتیی لێبوردن لەم بەیاننامەیاندا جیا لەوەی پێناوخۆشبوونی خۆی لەو پەلامارە دژە مرۆڤانەیە دەربڕیوە، دوای کردوە کە لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەنانە لە سەر ئەو ڕووداوە بکرێ. دوای ئەوەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق پڕچەک و بە تانک و زرێپۆش پەلاماری کەمپی ئەشرەفی موجاهیدینیان دا، ئەو ڕووداوە دەیان کوژراو و سەدان برینداری لێکەوتەوە.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران بڵاوی کردۆتەوە کە لە ئاکامی ئەم پەلامارەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراقدا ٣٤ کەس کوژراون و سەدان کەسیش بریندداربوون. بەرپرسانی ئەمریکاش کە پێشتر بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەو کەمپەیان لە ئەستۆ بووە، وێرای دەربڕینی پێناخۆشبوونیان لەو ڕووداوە، داوایان لە بەرپرسانی عێراق کردوە کە هەوڵ بدەن پێش بە خراپتربوونی بارودۆخەکە بگرن.

شایانی باسە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ئەم پەلامارەی ئەرتەشی عێراقی بۆسەر کەمپی ئەشرەف مەحکووم کردوە و داوای کردوە کە کۆتایی بەو پەلامارانە بێنن کە دەکرێتە سەر کەمپی ئەشرەف.

## ئاسۆ لێڵەکانی ساڵی جیهاد و قەڵەمبازی ئابووری

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ساڵی ٩٠ی بە ساڵی جیهادی ئابووری و سەرکۆماری ئەو ڕێژیمە، ئەمساڵی بە ساڵی قەڵەمبازی ئابووری ناوبردوە! جیهاد و قەڵەمبازی ئابووری ئەویش لە هەلومەرجێک دا کە تەحریمە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا لەدژی ئێران لە زیاد بووندان، چلۆن دەکرێ؟ پشت ئەستوور بە کام بەشی خەڵک؟ بازرگانان، بەرهەمهێنەران و بازاڕیان کە دەبینن، سوپا و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکان دەستیان بەسەر ئابووریی وڵات داگرتوە و کەس بۆی نییە دەستیان وەبەر بێنێ؟ چینی ناوەندی، لاوان، خوێندکاران و ژنان کە دەنگەکانیان تەنانەت لە چوارچێوە و یاسا و یارییەکانی ئەو ڕێژیمەدا ڕێزیان لێ نەگیرا و کاتێک داوای دەنگەکانیان کردەوە، بە گوللە و دەستدرێژی وڵامیان درایەوە؟ کرێکاران، جووتیاران و ئاژەڵداران کە ئەگەرچی وڵاتەکەیان لە سەر دەریای نەوت و گاز هەڵکەوتوە، بەڵام توانای دابینکردنی سووتەمەنی بەشی گەرمکردنی ماڵەکانیان و کارکردن بە ئامرازی کشتوکاڵیی خۆیان نییە؟ نەتەوە بندەستەکانی ئێران کە جگە لەوەی هێشتا لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەیی‌یەکانیان بێبەشن، هەر چەشنە حەرەکەتێکی مافخوازانەیان بە گوللە و سەرکوت و ئیعدام وڵام دەدرێتەوە؟

خامنەیی و ئەحمەدینژاد و بە گشتی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بەم جۆرە دەسەڵاتدارەتییەی کردوویانە و دەیکەن، نەک هەر ناتوانن جیهاد و قەڵەمبازێکی ئابووری بخولقێنن، تەنانەت ناتوانن وابکەن بارودۆخە ئابوورییەکە هەرنەبێ لەوە خراپتر نەبێ. ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوان بەرهەمی زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتی بە زەبری سەرکوت و ئاکامی سیاسەت و بەرنامە ئابوورییە چەوتەکانیان و بەری سێ دەیە بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران، هەڵبگرنەوە.مانگرتنە کرێکارییەکان و نارەزایەتییە دەربڕینە جۆراوجۆرەکان، ئەو بەرهەم و ئاکامانەن.

دریژەی

# ڕەهەندەکانی بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ لەبارەی ئێرانەوە

## گرینگی بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا

بەشی دووهەم

قادر وریا

بە پێچەوانەی ئیدیعای دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی کە بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ لەبارەی ئێران هیچ بایەخێکی حوقووقیی نییە، ئەم بڕیارە گرینگیی کە تایبەتی هەیە و پێشابدەری هەڵوێست و داوەری و ڕوانینی کۆمەڵگەی جیهانی لە بارەی ئەو ڕێژیمەیە کە لێکۆڵەری مافی مرۆڤی بۆ ڕەوانە دەکرێ. ئەم بڕیارە کە بە دەنگی زۆرایەتییەکی بەهێزی ئەندامی شووڕای مافی مرۆڤ پەسەند کردوە، پێمان دەڵێ کە کۆمەڵگەی جیهانی نەک هەر لە کارنامەی مافی مرۆڤ لە ڕێژیمی ئێران ڕازی نییە، بەڵکوو بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە بە قەیرانی و دڵتەزێن دەزانێ، بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ دەری دەخا کە ڕێژیمی ئێران، لە ڕێگا باو و ئاساییەکان و بە پێی میکانیزمە دیاریکراوەکان ئامادەی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نییە، لە ئاستی ئەو دەروەستی و بەرپرسایەتییانەدا نییە کە وڵاتێکی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی وڵاتی خۆی دا دەکەوێتە سەرشانی.

بەدوای پەسەند کرانی بڕیارنامەی شوورا لە ٢٤ی مارسی ئەمساڵدا، ڕێژیمی ئێران چووە ریزی چەند وڵاتێکی دەگمەن کە تا ئێستا بەرەورووی بڕیارێکی لەو چەشنە بوونەتەوە. چەند وڵاتێک کە کارنامەیەکی ڕەشیان لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی خۆیان و مافی مرۆڤ دا هەیە و بەهۆی بەدناویان لەم بوارەدا، لە ئاستی دنیادا پلەی یەکەمیان هەیە. حکوومەتەکانی کۆریای شیمالی، چین و.... لەو چەند وڵاتەن.

**بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ دەری دەخا کە ڕێژیمی ئێران، لە ڕێگا باو و ئاساییەکان و بە پێیٔ میکانیزمە دیاریکراوەکان ئامادەی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نییە، لە ئاستی ئەو دەروەستی و بەرپرسایەتییانەدا نییە کە وڵاتێکی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی وڵاتی خۆی دا دەکەوێتە سەرشانی.**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، دەسەڵاتەکان ناتوانن وەک ڕابردوو بەهاسانی، خۆیان لە بەرپرسایەتییەکان لە ئاست پەسەندکراوە نێودەوڵەتییەکان بدزنەوە. قبووڵکرانی ئەندامێتیی وڵاتان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دا، پێوەندیی بەو دەروەستیانە هەیە کە حاکمییەتی ئەو وڵاتانە لە ئاست مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامە جیهانییەکان هەیانە. دەسەڵاتێک کە بە شێوەی دیموکڕاتیک نەهاتبێتە سەر کارو لە ڕێگا دیموکڕاتیکەکانەوە درێژەی بە مانەوەی خۆی نەدابێ و خەڵکی وڵاتەکەی خۆی نەیانەوێ، لە ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتی دا ئیعتیباری خۆی لە دەست دەدا. کۆماری ئیسلامی نموونەی ئەو دەسەڵاتانەیە هەر بۆیە، لە لایەکەوە ڕێگای بە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی دنیا نەداوە تا لە نزیکەوە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و پێوەندیی خەڵک و دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بخەنە ژێر چاوەدێری. لە لایەکی دیکەشەوە هەر ڕێکخراو و کۆمەڵەیەتی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە نێوخۆ کە ڕەخنەی لە جۆری دەسەڵاتداریێتیی ئەو ڕێژیمە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ گرتبێ و هەوڵی دابێ بیروڕای گشتیی نێوخۆ و دنیای لێ ئاگادار بکا، بەتوندی سەرکوتی کردوون.

بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ناردنی لێکۆڵەری تایبەتی بۆ ئێران، هێنانە ژێر پرسیاری ڕەوایی و سەلاحییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەم بڕیارە بە دەسەڵاتدارانی ئێران دەڵێ ئێوە بە ناوی مافی دەسەڵاتداریێتیی نەتەوەیی و چەمکی سواوی دیکەی لەم چەشنە، سەربەست نین لە شێوەی دەسەڵاتدارەتی و پشتگوێخستنی بەرپرسیارەتییەکانتان لە ئاستی جیهانی دا. ئەگەر بۆخۆتان بە پێی ئەو ئەرکانەی یاسای نێودەوڵەتی خستوویەتە سەرشانی هەر دەسەڵاتێک، ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆتان دا نەگرن و بایەخ بە ڕەخنە و وریا کردنەوەکانی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەدەن، کۆمەڵی جیهانی میکانیزمی دیکەی بۆ بەربەست دانان لە پێش دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ئێوە هەیە. ئەگەر لەگەڵ ئەو میکانیزمەش هاوکاری نەکەن، ئەو جار پەروەندەی ڕەشی ئەو ڕێژیمە لە بواری مافی مرۆڤ لە ئاستێکی بەرزتر دا دێتە بەرباس و لە ئەنجومەنی ئاسایش دا بڕیاری لەسەر دەدرێ.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خۆیان لە پەسەندکرانی ئەو بڕیارە ڕاگەیاندوە و تەنانەت عەلائەدین بروجێردی، سەرۆکی کومیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی وتوویە کە نابێ کۆماری ئیسلامی ڕێگای سەفەر بەو لێکۆڵەرە بدا. بەڵام جارێ زووە بۆ ئەوەی پەی بە هەڵوێستی ڕێژیم و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم بڕیارە ببەین. ئەگەری ئەوە زیاترە کە وەک لە پێوەندی لەگەڵ لێکۆڵەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی دا وای کردوە- یارییەکی تاقەت پڕووکێن بە لێکۆڵەری شووڕای مافی مرۆڤ بکا. واتە پاش کوشتنی بەشێک لە ماوەی بەردەم ئەو لێکۆڵەرە و چاوەڕوان هێشتنەوەی، ئەوکات لە هەلومەرجێکی موهەندیسی کراو دا ڕێگای سەفەر بۆ ئێرانی پێبدا، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر سەرچاوەکانی زانیاری کۆنترۆڵ بکا بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵەرە، هەم سەفەری ئێرانی کردبێ، هەم بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە و بەم جۆرە، گوشاری جیهانی بۆ سەر خۆی، هەر نەبێ لەم ئاستەی ئێستادا ڕابگرێ. بەڵام بەو هۆیانەی کە لە بەشی سێهەمی ئەم وتارەدا ئاماژەیان پێ دەکرێ، هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکیی ئێستا لەگەڵ سەردەمانێک کە گالێند و پۆهل و مۆریس کاپیتۆرن بۆ لێکۆڵینەوە لە مافی مرۆڤ لە ئێران دا، دیاری کرابوون زۆر جیاوازە و ڕێژیمی ئێران ناتوانێ وا بە هاسانی بەرۆکی خۆی لە دەست ئەم بڕیارە ڕزگار بکا.

---

## کارەساتی کەمپی ئەشرەف،

# لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

کوێستان فتوحی

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە چەکدارەکانی ئەرتەشی عێراق بە تانک و زرێپۆش و چەکی جۆراوجۆر هێرشێکی دڕندانە و نامرۆڤانەیان کردە سەر کەمپی ئەشرەف، شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و دانیشتوانی ئەو کەمپەیان وەبەر ئاوری چەکەکانیان دا، کە لە ئاکامدا ٣٤ کەس بە داخەوە کوژران وبە گوتەی ئەو ڕێکخراوە زیاتر لە ٣٠٠ لە ئەندامانی، بریندار بوون.

کەمپی ئەشرەف لە١٠٠ کیلۆمیتریی شاری بەغدا، سەر بە پارێزگەی دیالە هەڵکەوتوە و لە ٨٠ کیلومیتریی سنووری ئێرانە. شوێنی نیشتەجێ بوونی زیاتر لە ٣ هەزار کەس لە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێرانە. لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، ئەرتەشی ئەمریکا بەرپرسایەتیی پاراستی ئەو کەمپەی بەئەستۆوە گرت. هەر لەو کاتەوە موجاهیدین ناچار کرا هەر چەشنە چەکوچۆڵ و



کەرەسەیەکی نیزامی تەحویلی ئەرتەشی ئەمریکا بدات و بەرپرسایەتیی پاراستنیشیان لە ئەستۆی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بێ و وەک پەنابەرانی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. ساڵی ٢٠٠٩ ئەرتەشی ئەمریکا بە پێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ دەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراق، بەرپرسایەتیی ئەو کەمپەی بە حکوومەتی عێراق سپارد. بە پێی ئەو ڕێککەوتنە دەبوو حکوومەتی عێراق مافی ئەندامانی ئەو کەمپە وەک پەنابەر بپارێزێ، بەڵام هەر زوو ئەو پەیمانەی شکاند و ئازار و فشار و هێرش بۆ سەر ئەندامانی موجاهیدین لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی عێراقەوە دەستی پێ کرد و خوازیاری دەرکردنیان بوون لە خاکی عێراقدا. بەڵام موجاهیدین سوور بوو لە سەر ئەوەی ئەو کەمپە هەرگیز چۆڵ ناکات ، چونکەلە لایەک نەیدەویست لە مەرزەکانی ئێران دوورتر بکەونەوە و ئەو هێزەی لێک بڵاو ببێ، لە لایەکی دیکە شوێنێکی شک نەدەبرد ئەو هێزەی بۆ ڕابگوێزێت. بۆیە کێشەو ململانێیەکان لەنێوانیاندا دەستی پێکرد. ئەم دوو لایەنە لە جیاتی ڕێککەوتن و چارەسەرێکی گونجاو، لەبەرابەر یەکدا ڕاوەستان. دەوڵەتی عێراق چەندین جار لە ڕێی فشار و زۆرەوە هەوڵی داوە بچێتە نێو کەمپەکەوە و سووکایەتی بە دانیشتوانیان بکا. بەڵام موجاهیدین لە بەرابەر چەکدارە هاندراوەکانی ئەرتەشی عێراقدا بە دەستی خاڵی ڕاوەستاوە و هەوڵی داوە نەیەڵێ هێزەکانی حکوومەتی بچنە ناو کەمپەکەوە و بە هەر شێوەیەک بێ مانەوەی خۆی لەوێدا مسۆگەر بکا.

ئەو کوشتارە بێبەزەییانەی ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە لە موجاهیدین کە لە لایەن چەکدارەکانی ئەرتەشی عێراقەوە ڕوویدا، درێژەی ئەو کێشمە کێشەیە کە بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٩وە لە بەینی حکوومەتی عێراق و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێراندا درێژەی هەیە.

**پێوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کوشتارەکەی موجاهیدین لە ١٩ی خاکەلێوەدا**

ئەمڕۆ کەمپی ئەشرەف بۆ ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدین بۆتە کوشتارگە و زیندانێکی گەورە. هەڵسوکەوتی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ موجاهیدین، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیی نزیکی حکوومەتی عێراق لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. کۆماری ئیسلامی هەموو کات لە هەوڵی داڕشتنی پیلان لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە هەر شوێن و وڵاتێک دایە. وڵاتی عێراقیش بۆ حکوومەتی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ پیلان و گەلاڵە چەپەڵەکانی خۆی لە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی تێیاندا جێبەجێ بکا.

ل ٥

# مەترسیی پرۆژە ئەتومییەکانی ئێران لە ژێر تیشکی تەقینەوەکەی فۆکۆشیمادا

عەلی بداغی

بوومەلەرزە قورسەکەی وڵاتی ژاپۆن کە رووداوی تەقینەوە لە کووورە ئەتومییەکەی « فۆکۆشیما» ی لێکەوتەوە، دوورتر لە سنوورەکانی ژاپۆن و لە وڵاتی ئێرانیش کاریگەریی خۆی داناوە، ئەویش ئەو نیگەرانییەیە کە ئەگەر بوومەلەرزەیەکی گەورە و لە چەشنی ئەوەی ژاپۆن لە شارەکانی وەک تاران، قوم، ئەراک، ئیسفەهان و بووشێهر روو بدا، دامەزراوە ئەتومییەکانی ئێران چییان لێ بە سەر دێ و ئەو ناوەندە ئەتومییانە چ جۆرە مەترسییەک بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت وڵاتانی ناوچە و دراوسێ و بگرە خەڵکی دنیاش دروست دەکەن. بە تایبەت ئەوەی کە دنیا هێشتا رووداوە دڵتەزێنەکەی « چرنۆبێل» ی ئۆکراینی لە بیر نەچۆتەوە کە بە هۆی دوو تەقینەوەکەی رۆژانی ٥ و ٦ ی بانەمەڕی ١٣٦٥ ی هەتاوی لە وێستگەی ئەتومیی « جێرنۆبیل» ی ئۆکڕاین نیزیک بە ٥ میلۆن کەس لە خەڵکی ئورووپا زیانیان وێ کەوت و متمانەی دنیای بە تێکنۆلۆژیی ئەتومی کەم کردەوە.

ئەو نیگەرانییەی دوابەدوای رووداوی تەقینەوەکەی فۆکۆشیما لە سەر ناوەندە ئەتومییەکەی ئێران دروست بووە، بە بێ هۆ نیە.

یەکەم ئەوەی کە جیا لە بووشێهر، هەموو شارەکانی ئەراک، تاران، ئیسفەهان و قوم کە ناوەندە ئەتومییەکانی ئێرانیان تێ دا هەڵ کەوتوە لە سەر هێڵی بوومەلەرزە هەڵ کەوتوون و شاری بووشێهریش ئەگەرچی بۆ خۆی لە سەر هێڵی بوومەلەرزە هەڵ نەکەوتوە، بەڵام لە هێڵەکانی بوومەلەرزە لە کەنداوی فارس یەکجار نیزیکە. هەر بۆیەش ئەگەر بوومەلەرزەیەک بە بەهێزیی ٧ ریشتێر لە هەر کام لەو شارانە بدا، کەس ناتوانێ پێشبینیی ئەوە بکا کە چەندە ماددەی رادیۆ ئەکتیو لەو شوێنانە بڵاو دەبێتەوە و چەندەی زیانی گیانی و ماددی لێ دەکەوێتەوە.

جیا لەوەش ناوند و دامەزراوە ئەتومییەکانی ئێران پێچەوانە ی ئیدیعا گاڵتەجاڕییەکەی ئەحمەدی نژاد ئاستی ئیمەنی و پارێزراوییان زۆر لە خوارێیە. ناوەندە ئەتومییەکانی ئێران بە تێکنۆلۆژیی کۆن و دەستی چەندەمی رووسی، هیندی، پاکستانی و کۆرەی باکوور وەرێ خراون و بە هۆی ئەوەی کە ئێران هەموو ئەو هەوڵانەی بە شاراوە و دوور لە چاو و چاوەدێریی ئاژانسی وزەی ئەتوم داوە و بەشێکی زۆر لە کەرەسە و پێداویستییەکانی ئەو بنکە ئەتومییانەی لە بازاڕی رەش و لە بازرگانان و دەڵاڵەکانی بازاڕ کڕیوە، کۆمەڵگای جیهانی کەمترین متمانەی بە ئیمەنیی ئەو ناوەند و دامەزراوانە نیە.

دوابەدوای کارەساتەکەی فۆکۆشیما ئاڵمان لە درێژەپێدان بە بەردەوامیی دروستکردنی وێستگە ئەتومییەکان پاشگەز بۆوە، ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ئاڵمان تێچووی سیاسیی زۆری بۆ ئانگێلا مێرکێل هەبوو، بەڵام نیگەرانی و مەترسییەکانی ئەو پرۆژانە زۆر لەوە زیاتر بوون کە ئانگێلا مێرکیل تەنیا لە بەرژەوەندیی سیاسیی حیزبەکەی و دروشمەکانی هەڵبژاردن چاوپۆشییان لێ بکا.

نیکۆلا سارکۆزی، سەرۆک کۆماری فەرانسەش کە وڵاتەکەی زۆرترین ناوەند و بنکەی ئوتومیی ئورووپای لە خۆ گرتوە، بڕیاری لێکۆڵینەوەی وردی لە سەر چۆنایەتیی هەموو بنکە ئەتومییەکانی وڵاتەکەی دەرکردوە تا هەموو نیگەرانییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی و ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتەکەی بڕەوێنێتەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاردانەوە بە رووداوەکەی فۆکۆشیما ئیدیعای کرد کە تێکنۆلۆژیی ناوەندە ئەتومییەکانی ئێران زۆر پێشکەوتووتر لە ئی وڵاتی ژاپۆنن و بێ گرینگی پێدان بەو مەترسی و نیگەرانییانە هەروا درێژە بە چالاکییەکانی لەو پێناوەدا دەدا.

رووداوەکەی چێرنۆبیل و کارەساتەکەی فۆکۆشیما ئەو ئاکام و تێگەیشتنە هاوبەشەیان لە لای بڕاردەکان و دەوڵەتە دەروەستەکان دروست کردوە کە ئەگەر دەست بدا نەوت و گاز کەم مەترسیدارترین وزەکان لە دنیا دان بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئێرانی دەوڵەمەند بە وزەی نەوت و گاز بۆ ئەو مەترسییانەی بەلاوە گرینگ نیە و بۆ چی سەرەڕای ئەوەی چالاکییە ئەتومییەکانی تێچووی سیاسی و ئابووریی قورسی بە سەر ئێراندا سەپاندوە، دەست هەڵگری ئەو پرۆژانە نیە؟

رێژیمی ئیسلامیی ئێران تا ئێستاشی لە گەڵ بێ ئیدیعای ئەوە دەکا کە تێکنۆلۆژیی ئەتومی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی بەرق دەوێ و بە هۆی پێداگری لە سەر ئەو بڕیارە و لە سۆنگەی بێ متمانەیی کۆمەڵگای جیهانی بەو ئیدیعایانە و هاوکاری نەکردنی لە گەڵ ئاژانسی نێو دەوڵەتیی وزەی ئەتومی تا ئێستا ٤ بڕیارنامەی سزادانی لە لایەن شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە سەردا سەپاوە.

کۆمەڵگای جیهانی ناحەقی نیە کە متمانە بە بەرنامە ئەتومییەکەی کۆماری ئیسلامی ناکا، چونکی لە لایەک دەبینێ کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی وزەی ئەتومی بۆ بەرهەمهێنانی برق دەوێ، چۆنە لە وزەی هەرزان و کەم تێچووی وەک گاز بۆ ئەو مەبەستە کەلک وەر ناگرێ، لە حاڵێکدا کە ئێران خاوەنی سەتا ٢٠ ی هەموو پاشەکەوتی گازی دنیایە و سەرچاوەکانی گازی ئێران تا ٢٠٠ ساڵی داهاتووش دەتوانن وزەی برقی ئێران دابین بکەن.

ئەوەش بە جێی خۆی کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستاشی لە گەڵ بێ لە هەموو زەرفییەتەکانی بۆ بەرهەمهێنانی بەرق لە رێگەی بەنداوەکان کەلکی پێویستی وەرنەگرتوە و بە پێی قسەی کارناسانی ئەو بوارە سەتا ٥٠ ی وزەی ئێران بە هۆی ناکارامەیی لە سیستمی دابەشکردن و بەکارهێنانی دروست بە فیرۆ دەچێ و بە پلان دانانێکی دروست دەکرێ پێش بە هەموو ئەو بەفیرۆچوونانە بگیرێ دیسانیش هەر بە قسەی کارناسان بەوەها مودیرییەتێک بە رادەی داهاتی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە، ئەوەندەش داهات لەو بەشە بڕژێتە خەزێنەی وڵاتەوە.

کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامیش لە تێکدانی رەوتی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانی و پاڵپشتیی رێژیم لە گرووپە تیرۆریست و قەیران خوڵقێنەکانی جیهانیش لە جێی خۆی کە وای کردوە کۆمەڵگای جیهانی سەرەڕای ئەگەری ئاکامە زیانبەخشەکانی پرۆژە ئەتومییەکانی ئێران لە سەر ژینگە و سروشت بە چاوێکی تەواو ئەمنیەتییەوە بڕواننە ئەو هەوڵانەی رێژیم، بە تایبەت ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ ئەو هەوڵانەی بە دوور لە چاوی کۆمەڵگای جیهانی و بە نهێنی دەبردە پێش و ئەوەش، جێی بە ئەگەری هەموو نیازپاکییەکی کۆماری ئیسلامی بۆ دروست بەکارهێنانی وزەی ئەتومی لە پرۆژە ئاشتیخوازانەکاندا لێژ کردوە.

کەوابوو کارەساتەکەی فۆکۆشیمای ژاپۆن دەرفەتێکە بۆ ئەوەی رەخنەگرانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە گوڕتر لە جاران پرۆژە ئەتومییەکانی کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر پرسیار و بە سەرنجدان و بە گرینگیدان بە هەموو ئەو مەترسییانەی پرۆژە ئەتومییەکانی ئێران بەرەوڕووی کۆمەڵگای ئینسانی کردۆتەوە، هەوڵەکانیان بۆ فشار خستنە سەر ئێران بە مەبەستی پاشەکشە پێکردن بە کۆماری ئیسلامی و وازپێهێنانیان لەو پرۆژانە بخەنە گەڕ.



دریژەی:

# کارەساتی کەمپی ئەشرەف، لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

ئەمەش بە هۆی دوو فاکتەری سەرەکییەوەیە: یەکەم بە هۆی پێوەندیی نزیکی حکوومەتی عێراق لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و نفووزی ئەو رێژیمە لە سەرهێندێک لایەنی نێو دەوڵەت و دەسەڵاتی عێراق. دووهەم، سنووری هاوبەشی ئەم دوو وڵاتە پێکەوە.

ئەو جینایەتە سامناکەی رۆژی ١٩ی خاکەلێوە لە لایەن چەکدارەکانی ئەرتەشی عێراقەوە، لەکەمپێ ئەشرەف روویدا، بە دڵنیاییەوە رێژیمی ئێران لە رێی مۆرەکانییەوە لە وڵاتی عێراق، دەستی تێدا هەبووە. ئاژاوەگێڕیی رێژیمی ئێران لە ناوچەدا و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی عێراق لە چاوی کەس شاراوە نیە و بە هەزاران بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە هەیە.

**با گیانی ئینسانەکان لە سەرووی هەمووشتێکەوە بێ**

ئەوە یەکەم جار نیە موجاهیدین لە لایەن هێزەکانی حکوومەتی عێراقەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و لێیان دەکوژرێ. سیاسەتی رێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێران و کارنامەی ئەو رێکخراوە بۆ کەسانێک کە گیانی مرۆڤەکان لە سەرووی روانگە و بۆچوونە سیاسییەکانیانەوەیە، لەم هەلومەرجەدا گرنگ نیە، گرنگتر لە هەموو شتێ گیانی ئەو ئینسانانەیە کە لە کەمپی ئەشرەف بە بێ هیچ کەرەسەیەکی دیفاعی گیریان کردوە و وەک زیندانییەک لە بەر دەستی هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و لایەنەکانی سەر بەرێژیمی ئێراندان.

بە دوای ئەو کوشتارە دڕندانەیە کە لە موجاهیدین کرا، زۆرمان هاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ ئەو رێکخراوە و ئەو کەسانەی لە ئەشرەف نیشتەجێن دیت. بەڵام لەپەنا ئەوەشدا تاک و تەرا کەسانێک هەبوون باسیان لە سیاسەت و کردەوەکانی موجاهیدین دەهێنایە گۆڕێ، کە بە بڕوای من ئەوانە لە گەورەیی ئەو جینایەتە ئینسانییە و شەرماویبوونی ئەو کردەوەیەی ئەرتەشی عێراق تۆسقاڵێک کەم ناکاتەوە. سیاسەت و کارنامەی موجاهیدین هەر جۆرێک بووبێت ناتوانێ دەلیلێک بێت بۆ ئەوەی کەسانی سەر بەو رێکخراوە کە ئێستا وەک پەنابەر لەو وڵاتە دەژین، بەو شێوە دژی ئینسانییە رەفتاریان لەگەڵ بکرێ. هەموومان لەرێگای تەلەڤیزیۆنەکانەوە دیتمان هێزە چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەتی عێراق، چۆن جەستەی ئەو ئینسانە بێدیفاعانەیان بە گوللە دابێژدابێژ دەکرد و بە تەگەری زرێپۆشەکانیان دەیانپلیشاندنەوە و قەڵاچۆیان دەکردن.

ئەو ژن و پیاوانەی لە کەمپی ئەشرەف دەدرێنە بەر گوللە و لەبن تەگەری زرێپۆشەکاندا لەت و پەت دەکرێن، کەسانێکن باشترین ساڵانی تەمەنیان بۆ خەبات لە دژی دیکتاتۆریی ئاخوندی و بەدەستهێنانی ئازادی بۆ وڵاتەکەیان تەرخان کردوە وبە ناچاری رێیان کەوتۆتە وڵاتی عێراق و لەم کەمپەدا ژیانێکی بەئازار بەسەر دەبەن.

حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وئێران و رێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و کۆمەڵێک لە دەوڵەتان و ناوەندە سیاسییەکان هێرش بۆ سەر دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف و کوشتنی ئەوانیان مەحکووم کرد. تەنانەت ناردراوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نزیکەوە سەردانی ئەو کەمپەی کرد و ئەو رێکخراوە تەئییدی کرد کە لە هێرشی رۆژی هەینی ١٩ی خاکەلێوە دا بۆ سەر کەمپی ئەشرەف ٣٤ کەس کوژراون. بەڵام تەنیا مەحکووم کردنی ئەو تاوانە بەس نیە، بە تایبەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان دەبێ گوشار بخەنە سەر لایەنە پێوەندیدارەکان (دەوڵەتی ئەمریکا، دەوڵەتی عێراق و...) رێگاچارەیەکی دادپەروەرانە و ئینسانی بۆ دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف بدۆزنەوە و گیانی ئەو مرۆڤانە لە پەلامار و هێرشی ئەرتەشی عێراق وپیلانگێڕیی پەیتاپەیتای مۆرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی رزگار بکەن. ئەوەی رۆژی ١٩ی خاکە لێوە لە عێراق و لە پەنا دەستی ئەرتەشی ئەمریکادا روویدا نەک هەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەڵکوو تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی. نابێ چی دیکە ئیزن بدرێ ئەو ئینسانە بێدیفاعانە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ.

# پرۆژەی یاسای دەوڵەتی کردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان

**ئامادە کردن: حەسەن شێخانی**

ماوەیەک لەمەوبەر مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی پرۆژە یاسایەکی بە گشتی پەسند کرد کە چاوەدێری کردن بەسەر چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا بە دامەزراوەیەکی نابەرپرسیار لە هەمبەر کۆمەڵگە لە ژێر ناوی «هەیئەتی بەرزی چاوەدێری بەسەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکان»دا دەسپێرێ کە سەرۆکایەتییەکەی لە ئەستۆی وەزارەتی نێوخۆیەو، ئەندامەکانی لە نوێنەرانی دەسەڵاتی قەزایی، وەزارەتی ئیتلاعات، وەزارەتی دەرەوە، ڕێکخراوی ئەوقاف و کاروباری مزگەوتەکان، بەسیج، سپای پاسداران، هێزە ئینتیزامییەکان و تەنیا یەک نوێنەر لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان پێک دێ. ئەم هەیئەتە دەسەڵاتی دەرکردنی مۆڵەتی چالاکی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی هەیە و بەڕێوەبەریی ئەم ڕێکخراوانە بە تەواوی دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

سەرەڕای دژایەتیی جیددی و توندی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ئێراندا و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، مەجلیس ئەم پرۆژە یاسایەی بەگشتی پەسند کرد و، دوا بە دوای ئەمەش زۆرێک لە NGO کان ئێعترازیان کرد و خوازیاری ڕاگرتنی ئەم پرۆژە یاسایەن.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم وێڕای ئاماژە کردن بە نێوەرۆکی پرۆژە یاسای جێی ئاماژە ڕوانگە و هۆکارەکانی دژایەتی کردنی دژبەرانی ئەم پرۆژە یاسایە بخەمە ڕوو. هەروەها هەوڵ دەدەم بە بەراورد کردنێکی ئاماژەگەرانەی ئەم پرۆژە یاسایە لەگەڵ ئایین نامەی دامەزران و چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کە لە ڕۆژەکانی کۆتایی سەرکۆماری محەممەدی خاتەمی لە ساڵی ١٣٨٤ دا پێشکەش بە مەجلیس کراو لەلایەن مەجلیسەوە پەسند کرا، کاریگەرییەکانی ئەم پرۆژە یاسایە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران بخەمە بەرباس.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران بە زۆری میراتی سەردەمی ڕیفۆمخوازین و لە فەزای سیاسی ئەو ساڵانەدا لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە گەشەیان کرد و ڕۆڵی چاوەدێریکەر و ڕەخنەگری دەسەڵاتیان دەبینی.

زۆرێک لەو ڕێکخراوانە و بەتایبەت ئەوانەی کە لە بیاڤی مافی مرۆڤ دا چالاکییان دەکرد هەر لە سەرەتاوە بوونە ئامانجی هەڕەشەکانی حکوومەت، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی دوو ساڵ لەمەوبەر کە هێژموونی تەواوەتی پاوانخوازەکانی بە سەر پێکهاتەی دەسەڵات دا لێکەوتەوە، هەڕەشەکان لە دژی بنیاتە مەدەنییەکان بەوپەڕی خۆیان گەیشتن. زۆرێک لە بنیاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو «ئەنجومەنی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ» لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە داخران و هەڵسووڕێنەرانیان کەوتنە ژێر بەدواداچوونی قەزایی. زۆرێکیش ناچار بوون چالاکییەکانیان کەم بکەنەوە، بەوحاڵەش لە هێرشەکانی حکوومەت پارێزراو نەبوون.

پێدەچێ بناژۆخوازەکان ئەزموونەکانی مانگەکانی دوای هەڵبژاردنیان بە کار هێنابێ، بۆ ئەوەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بخەنە ژێر دەستی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان. لە ڕوانگەی چاوەدێرانەوە پرۆژە یاسای تازە نە تەنیا توانای چاوەدێری کردنی دامەزراوەکانی مەدەنی بەسەر دەسەڵات دا زەوت کردوە بەڵکوو لە بنەڕەتدا ئەسڵی مەسەلەکەشی گۆڕیوەو دەسەڵاتی کردۆتە بەرپرسی چاوەدێری کردنی کارو کردەوەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان. پێکهاتەی ئەندامانی هەیئەتی بەرزی چاوەدێری بەسەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا بە باشی ئامانجی داڕێژەرانی ئەم پرۆژە یاسایە دەردەخا.

لە لایەک باڵی چاکسازیخواز پەرەگرتنی چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان وەک زەمینەخۆشکەری بەشداریی خەڵک لە کاروباری گشتی دا دەزانن و بە پشت بەستن بە ئەسڵی ٢٦ی یاسای بنەڕەتیی ئێران دەڵێن کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لەبەر چییەتیی چالاکیی کۆمەڵایەتیی خۆیان پێویستیان بە ئیجازەنامە و چاوەدێری کردن لە لایەن دەوڵەتەوە نییە. لە لایەکی دیکە بەرەی بناژۆخواز خوازیاری چاوەدێری کردنی وردی حکوومەتن بەسەر چالاکییەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا و، بە قسەی ئەوان کۆنترۆڵ نەکردنی چالاکیی ئەم ڕێکخراوانە، زەمینەی کەڵک وەرگرتنی خراپی وڵاتە بیانییەکان و دەرکەوتنی گەندەڵیی ماڵی و ئەخلاقی لەم دامەزراوانەدا دەرەخسێنێ.

ڕێکخراوی «لێبوردنی نێودەوڵەتی» و بنیاتی «بواری سێهەم» لە بەیاننامەیەکدا کە دوای پەسندکرانی «کلیات»ی پرۆژە یاسای ناوبراو بڵاویان کردەوە ڕایانگەیاند کە ئەم پرۆژە یاسایە



زەنگی مەرگی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێراندا دەزرینگێنێتەوە و پێیان وایە بەم شێوەیە بزمارێکی دیکە لە تابوتی مافی ئازادیی ئەنجومەن و دامەزراوەکان لە ئێراندا دەدرێ.

چالاکانی سەربەخۆی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر ئەو بڕوایەن کە حکوومەت بەم یاسایە دوو ئامانج دەپێکێ: یەکیان لەنێوچوونی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و ئەوی دیکەشیان بەهێز کردنی ڕێکخراوەکانی سەر بە حکوومەت. حکوومەت دەیەوێ بە لەنێوبردنی دامەزراوە سەربەخۆکان، بنیات و دامەزراوەکانی سەر بە خۆی وەک ڕێکخراوی ناحکوومی بناسێنێ.

بە وتەی ڕەخنەگران ئەم پرۆژە یاسایە ئیجازەی هەر چەشنە چالاکییەکی سەربەخۆ لەم ڕێکخراوانە زەوت دەکا و لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، ڕێکخراوی دەوڵەتی دروست دەکا. لێرەدا بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بۆچوونی دژبەرانی ئەم پرۆژە یاسایە و هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز پرۆسەی توتالیتاریزەکردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەی ئێرانیان باشتر بۆ دەرکەوێ، بڕگەکانی ئەم پرۆژە یاسایە لەگەڵ بڕگەکانی ئایین نامەی ئیجرایی دامەزران و چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی پەسندکراوی ساڵی ٨٤ بەراورد دەکەم.

لە ماددەی ١٢ی پرۆژە یاسای ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دا هاتوە کە ئەم ڕێکخراوانە تەنیا ئیجازەی ڕێپێوانی غەیرە سیاسییان هەیە. ئەویش دەبێ لە «هەیئەتی بەرزی چاوەدێری کردن بەسەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکان»دا بۆ ئەم کارە مۆڵەت وەربگرن. بە پێی ئەم ماددەیە ڕێپێوانێک کە سیاسەتی فەرمی بباتە ژێر پرسیار قەدەغەیە و ڕێگەی پێ نادرێ. بەم چەشنە هەر ڕێپێوانێک دەتوانن مۆرکی سیاسی لێ بدەن و ڕێگەی لێ بگرن. لە حاڵێکدا لە ئایین نامەی ساڵی ٨٤دا باسی ڕێپێوانی غەیرە سیاسی نەکراوە، تەنیا گوتراوە کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان مافی پێکهێنانی کۆبوونەوەو وەڕێخستنی ڕێپێوانیان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان دا هەیە.

بە پێی ماددەیەکی دیکەی پرۆژە یاسای نوێ، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دەبێ بۆ دروست کردنی هەر چەشتە پێوەندییەکی نێونەتەوەیی لە هەیئەتی جێی ئاماژە ئیجازە وەربگرن. لەوانە بۆ ئەندامەتی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و بەتایبەت بەشداری لە خولە پەروەردەییەکان یان دانوستانەکان، بەستنی پەیمان یان ڕێککەوتننامە لەگەڵ ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. تا هەنووکەش بەشداری لە کۆنفرانسەکانی دەرەوەی ئێران لەگەڵ گیروگرفت بەرەوڕوو بووە. بەڵام ئەم یاسایە دەستی وەزارەتی نێوخۆ بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی، نوێنەرایەتی و پسپۆڕی و هەروەها پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەم ڕێکخراوانە ئاوەڵا دەکا.

لە ئایین نامەی پەسندکراوی ساڵی ٨٤یش دا ڕێکخراوەکان بە ئاگادار کردنەوەی نووسراوەی ژێدەرەکانی چاوەدێری کردن، دەیانتوانی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، خولە پەروەردەییەکان و پیشانگاکان دا بەشداری بکەن، بەڵام ئەندامەتیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە تۆڕەکانی ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی دا پێویستی بە ئیجازەنامە یان وەرگرتنی مۆڵەت نەبوو.

پەسەندکرانی پرۆژە یاسای نوێ، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ناچار دەکا هەر چەشنە یارمەتییەک لە ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو سەرچاوەکانی دیکەی یارمەتیدەری بیانی، تەنیا بە ئیجازەی هەیئەتی بەرزی چاوەدێری وەربگرن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە ئایین نامەی ساڵی ٨٤دا تەنیا وەرگرتنی یارمەتی لە سەرچاوەکانی بیانی پێویستی بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی ژێدەرەکانی چاوەدێری هەبوو، بەڵام وەرگرتنی یارمەتی لە کۆڕ و کۆمەڵی فەرمیی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەت نەبوو.

بەپێی یاسای نوێ، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بۆ زانیاری گەیاندن، دەرکردنی بڵاڤۆک و کەڵک وەرگرتن لە هەرچەشنە کەرەسەیەکی دیکە، دەبێ لە ژێدەرەکانی پێوەندیدار ئیجازە وەربگرن. لەحاڵێکدا لە ئایین نامەی ساڵی ٨٤دا دەرکردنی بڵاڤۆک و ئەنجامدانی هەرچەشنە چالاکییەکی دیکە لە پێناوی دابین کردنی ئامانجەکانی ناوبراو لە پێڕەوی ڕێکخراوەکاندا، بە مافێکی ڕێکخراوەکان لە قەڵەم درابوو و ئەم جۆرە کارانە زۆر بە سانایی‌تر ئەنجام دەدران.

ماددەی ٤٣ی یاسای نوێ دەڵێ «ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانەی لە ئێستادا چالاکن دەبێ لە ماوەی ٦ مانگی دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئیجازەنامەی نوێ وەربگرن دەنا بە نایاسایی دەژمێردرێن».

هەروەک ئاماژە کرا بە پێی ئەم پرۆژە یاسایەی هەنووکە لە مەجلیس دا خەریکی پەسەند کردنین هەیئەتی بەرزی چاوەدێری بە زۆری لە نوێنەرانی هێز و دەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەکان پێک دێ، ئەمەش دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوویی ئەم هێزانە هەرچی زیاتر بەرفراوان دەکا. بەڵام لە ئایین نامە ئیجرایی دامەزران و چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ساڵی ٨٤دا هاتوە کە ژێدەرەکانی چاوەدێری کردن بریتین لە: لە ئاستی شارستان: فەرماندار، نوێنەری شۆڕای ئیسلامیی شارستان و نوێنەری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، لە ئاستی پارێزگادا: پارێزگار، نوێنەری شۆڕای ئیسلامیی ناوەندی پارێزگا و نوێنەری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، لە ئاستی سەراسەری دا: بریکاری وەزیری نێوخۆ، نوێنەری شووڕای بەرزی پارێزگاکان و نوێنەری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان. بەم پێیە لە ئەندامانی ژێدەرەکانی چاوەدێری کردنی ئایین نامەی پێشوودا ناوی هێزە نیزامی و ئینتیزامییەکان بەرچاو ناکەوێ.

هەرچەند بەپێی ئایین نامەی پێشوو ڕێکخراوەکان دەبوو ڕاپۆرتی عەمەلکردی ئیجرایی و ماڵیی ساڵانەی خۆیان بدەنەوە و بە ژێدەرەکانی چاوەدێری کردنی پێوەندیدار، بەڵام لە بەرامبەردا دەزگاکانی دەوڵەتیش ئەرکی سەرشانیان بوو کە بەستێنی بەشداریی ڕێکخراوەکان بۆ چاوەدێری کردن بە مەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری گشتی پێک بێنن و لەگەڵ هەیئەتەکانی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ئەوان هاوکاری بکەن.

وەک دەردەکەوێ ماددەکانی یاسای لە دەستی پەسەندکردن دا لەگەڵ ئەسڵەکانی ٢٦و ٢٧ی بنەڕەتیی ئێران دژایەتیی هەیە و مافی ئازادیی دامەزراوە و کۆبوونەوە کە لە ماددەکانی ٢١و ٢٢ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مەدەنی و سیاسی دا بە فەرمی ناسراوە، پێشێل دەکا.

کارێک کە مەجلیس دەیکا ئەوەیە کە بە پێشێلکردنی پێوانەکانی نێونەتەوەیی ئازادیی دامەزراوە و کۆبوونەوە کە ئێرانیش بە ڕەچاوکردنیان پابەندە، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران لە نێو دەبا.

**پرۆژە یاسای تازە نە تەنیا توانای چاوەدێری کردنی دامەزراوەکانی مەدەنی بەسەر دەسەڵات دا زەوت کردوە بەڵکوو لە بنەڕەتدا ئەسڵی مەسەلەکەشی گۆڕیوەو دەسەڵاتی کردۆتە بەرپرسی چاوەدێری کردنی کارو کردەوەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان**

**سەرچاوەکان:**

١)آیین نامەی تأسیس و فعالیت سازمانهای غیر دولتی، مصوب ١٣٨٤
٢) «طرح نظارت بر سازمانهای غیر دولتی کە «کلیات»ەکەی لە مەجلیس دا پەسەند کراوە
٣) کۆمەڵێک وتار و بابەتی پێوەندیدار کە لە ئینتێرنێت دا

# گۆلی ورمێ لە مەترسی ویشکبوون دایە

موعتەسەم نورانی

گۆلی ورمێ گەورەترین گۆلی ناوخۆی ئێران و دووهەمین گۆلی سوێری جیهانە، کە لە نێوان دوو پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە باکووری ئێران دا هەڵکەوتوە. ڕووبەری ئەو گۆلە زیاتر لە ٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. لە باری جوانی، دیمەنی سروشتیو هەڵکەوتوویی جوغرافیایی گرینگی تایبەتی هەیە. پێشتر ناوی ئەو گۆلە چیچێست بوو پاشان ناوی گۆڕا بە گۆلی ورمێ، تەنانەت لە زەمانی ڕێژیمی ڕەزا شادا ناوی گۆڕا بە گۆلی ڕەزاییە. پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دوبارە ناوی کرایەوە بە گۆلی ورمێ. بە هۆی ئەوە شاری ورمێ لە نزیک ئەو گۆلە دروست کراوە ور (اور) بە مانای شارەو میە یا ماء بە مانای ئاوە واتە ورمێ یانی شاری ئاو. تایبەتمەندیی گرینگی ئەو گۆلە ئەوەیە کە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای ئارارات را بەرەو باشور دەست پێ دەکا بە هێڵی تالۆگ یا ( خط القعر)ی ئەو گۆلەدا تێدەپەڕێ.

دەوروبەری گۆلی ورمێ کە بریتیە لە پێدەشتەکانی وەک دەشتی تەورێز، مەراغە، ئازەرشار، میاندواو، دەشتی سلدوز، پیرانشار، شنۆ، ورمێو سەڵماس پێک دێ. کە یەکێکە لە ناوەندە گرینگەکانی کشتوکاڵو ئاژەڵداری لە ئێران دا. ئاوی ئەو گۆلە لە ڕووبارەکانی زەرینەرود (جەغە توو)، سیمینەرود (تەتە هوو)، ئاجی چای ( تلخە رود)، ڕووباری مەهاباد، گادەر، باراندوز چای، زولا چای، شار چای ونازلوچای پێک دێ کە زیاتر لە ٨٠٪ ی ئاوی گۆلی ورمێ لە ئاوی ئەو ڕووبارانە پێک دێ کە لە کێوە بەرزەکانی کوردستان را سەرچاوە دەگرن.

قووڵیی ئەو گۆلە لە هەندێک شوێن دەگاتە ٢٠ میتر، ئاوەکەی لە دوای گولی مردوو (بحر المیت) سوێرترین ئاوی دەریاچەکانی جیهانە. هەر لە کۆنەوە بە بەحری خوێ ناسراوەو لە هەموو ناوچەکانی تری ئێران خەڵک دەهاتن بۆ خوێ بۆ ئاژەڵ بۆ خۆراکو بۆ پیشەسازی. جیا لەوەش هەر لە قەدیمەوە ئاوی ئەو بەحرەو لمو لیتەی قەراخ بەحرەکە لە بواری پزیشکیو دەرمانیو مداوای نەخۆشییەکانی وەک مایە سیری، ئێسقان، روماتیزم، نەخۆشیەکانی ژنانەو نەخۆشیەکانی پێست کەڵکی لێ وەرگیراوەو زۆر چارەسازە هەر بۆیە لە وەرزی گەرمادا خەڵک هەم بە مەبەستی گەشت و گوزارو توریستیو هەم بە مەبەستی دەرمانی لە دەوری ئەو ئاوەکۆ دەبنەوە.

ئاوی ئەو گۆلە بە ڕادەیەک سوێرە کە خەستی خۆییەکەی دەکاتە ٣٠٠ میلی گەرم لە لیترداو هیچ ئاژەڵێکی ئاویی تێدا ناژی. بەڵام خوێیەکەی زۆر بەکەڵکە، جۆرێک ئارتیمیای تێدا دەژی کە گیانلەبەرێکی ڕەق پێستە ودرێژییەکەی زیاتر لە١ سانتیمیترە، تایبەت بە ئاوی سوێرەو لە ئاوی سوێردا دەژی، و لە بواری ئابوورییەوە گیانلەبەرێکی پڕبایەخە. بەغەیری گۆلی ورمێو ناوچەیەکی ئەمریکایە لە هیچ کوێی دیکەی جیهاندا بە شێوی سروشتیی نییە، ئارتیمیا لە دەرمانسازی، ئارایش، بەتایبەت پەروەردە کردنو خۆراکی ماسیو میگۆدا کەڵکی بەرچاوی لێوەردەگیرێ. هەر چەند کەم بوونەوەی ئاوەکەو خەست بوونەوەی بۆتە هۆی کەم بوونەوەی ئەو ئارتیمیایە کە ئەوەش زیانێکی زۆری بە سامانی سروشتی ئەو ناوچەیە گەیاندووە.



**دوو ساڵە خەڵکی ناوچە بە نیشانەی ناڕازی بوون و دەربڕینی نارازایەتی، ڕۆژی ١٣ بەدەر کە بە ڕۆژی سروشت ناسراوە، دەچنە دەوروبەری گۆلی ورمێ و دەنگی نارەزایەتی بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەم ساردیو گرینگی نەدان بە ژینگە پارێزی و بوون بە شورەکاتی ئەو گۆلە دەردەبڕن دروشمو شۆعار بەرز دەکەنەوەو بە تونگەو بوتلیو دەبەی چووکە ئاو دەکەنە ناو ئەو دەریاچە تونییەو پلاکو دروشم هەڵدەگرن**

ئەو گۆلەی کە ئێستا بەرە بەرە خەریکە ویشک دەبێو دەبێتە شۆرەکات. ڕۆژگارێک بە بووکی دەریاچەکانی ئێرانو یاقووتی سووری ناوچەکە بە ناوبانگ بوو. ئەو دەریاچە جوانو سەرنج ڕاکێشو خەیاڵییە بۆتە شۆرەکاتێکی دزێوو ناشرین. گۆلی ورمێ نزیک بە ١٠٢ دورگەی گەورەو بچووکی تێدایە کە شێوەو ئەندازەی ئەو دورگانە بەستراوەتەوە بە ڕادەی بارینی ساڵانەو زیادو کەمی ئاوی ئەو گۆلە. بۆ وێنە شێوە دورگەی ئیسلامی (شاهی) لە هەموو دورگەکان گەورترە ئەگەر ئاستی ئاوی بەحرەکە زیاد دەکا ئەو دوورگە لە هەموو لایەکانی ئاو دەیگرێ، بەڵام ئەگەر ئاستی ئاوی گۆلەکە کەم دەبێتەوە دەبێتە شێوە دوورگە. کە هەندێک لەو دوورگانە بوونە شوێنی هێلانەکردنی زۆربەی باڵندەکان. پارکی میلیی گۆلی ورمێ دوای مردواوی ئەنزەلی یەکێک لە جوانترینو سەرنج ڕاکێشترین دیمەنەکانی ژینگەی سروشتیی ئاژەڵەکانە لە ئێراندا، کە هەر ئێستا زیاتر لە ٢٧ جۆر ئاژەڵی شیردەر، ٢٢ جۆر باڵندە، ٤١ جۆر خشۆکە، ٧ جۆر ئاژەڵی ویشکاویی و ٢٦ جۆر ماسیی تێدایە. ئاوی گۆلی ورمێ یەکجار سوێرەو سوێری ئاوەکەی دوو هێندەی سوێری ئاوی ئۆقیانووسەکانە. ئاوی ئەو گۆلە لە بەر ئەوەی کە زۆر سوێرە لە سەرمای سەختی زستاندا هەرگیز نایبەستێ.

لە باکووری ڕۆژاوای شارستانی میاندواو کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارستانی مەهاباد لەو بەشەیکە ڕووبارەکانی تەتەهوو، جەغەتووو ڕووباری مەهەباد لە ناوچەی محاڵی شازادە ( شازدە) تێکەڵ دەبنەوە هەتا دەگاتە ناو دەریاچە کە بە شامی شاروێران بە ناوبانگە، ڕاوچییەکانی دەوروبەری میاندواو، مەهاباد، نەغەدەو پیرانشار دەچنە ئەو شامە بۆ ڕاو کە چەندین جۆری باڵندەی وەک قازی کێوی مراوی، ڕەش بەشە، دوورناو، هەڵەتانج، زیقاوو تەنجەو هتدی تێدایە. زۆربەی ئەو باڵندانە بە پێی وەرزی گەرماو سەرما گەرمێنو کوێستان دەکەن کە ویشک بوونی گۆلی ورمێ زیان و زەرەدێکی زۆر بە سروشتی ئەو ناوچەیە دەگەیەنێ. هۆکاری ویشک بوونی ئەو گۆلە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵی سەرەکی کە:

ا- گۆلی ورمێ لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیم لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بە شێوە پێویست گرینگی پێ نادرێ و پاشگوێ خراوە. ئاستی ئاوەکەی ساڵ بە ساڵ لە دابەزینێکی مەترسی دار دایە بە شێوەیەک کە سیستمی ئیکۆلۆژی واتە کشتوکاڵ و ژیانی مرۆڤ وئاژەڵی کێوی لەو ناوچە دەخاتە مەترسییەوە . هەر ئێستاکە زیاتر لە نیومیلیون هێکتار لە ڕووبەری ئەو بەحرە بۆتە شۆرەکات. ئەوەش بۆتە هۆی مەترسیو دڵە ڕاوکێو بێ ئاسۆییو بێ هومێدیی زۆربەی دانیشتوانی دەوروبەری ئەو بەحرە دروست کردوە.

ب- هەڵبەستنی زیاتر لە ٣٠ بەنداوو پاش بەنداو لە سەر ئەو ڕووبارانەی کە دەچنەوە ناو گۆلی ورمێ بێ وەبەرچاوگرتنی حەقی ئاویی گۆلەکە. کە ئەوەش بۆ سیاسەتی غەڵەتی ڕێژیم دەگەڕێتەوە سەبارەت بە ژینگەو ژینگە پارێزی لەو ناوچەیە. کە بە داخەوە ڕادەی ئەو ئاوەی کە دەگاتە ناو گۆلەکە زۆر کەمە. پێشتر ساڵانە زیاتر لە ٥,٥ میلیارد میتری سێجا ئاو دەچووە ناو ئەو گۆلە بەڵام ئێستا بە هەڵبەستنی ئەوسەدانە زۆرکەمتر لە ١ میلیاردی میتری سێجا ئاو واردی ئەوگولە دەبێ.

د- لێدانو هەڵقەندنی چاڵاوی قووڵ بۆ دەرهێنانی ئاوەکانی ژێر زەوی لە دەوروبەری ئەو گۆلە بە مەبەستی ئاوێردیو کاروباری کشتوکاڵ ئەوەش بۆتە هۆی کەم بوونی بەرچاوی ئاوەکەی.

ە- لێدانی ڕێگایەکی نێوقەدبڕ لە باریکترین شوێنی ئەو گۆلە بە مەبەستی نزیک کردنەوە ڕێگای نێوان ورمێ- تەورێز بۆ ئەو مەبەستەش بۆ دروستکردنی زیاتر لە ١٤ کیلۆمەتر پردو جادە، سەدان میلیۆن تۆن بەردو خیزو خۆڵیان لەو گۆلە ڕشتوە کە بۆتە هۆی دووکەرتکردنی گۆلی ورمێ، ئەوەش بۆتە هۆی ڕاوەستان و حەرەکەت نەکردنی ئاو لە ناو ئەو دەریاچەیەدا کە دیاردەی بە هەڵم بوونی ئاوەکە خێراتر دەکا.

هەر وەک باسمان کرد ئەو هۆکارانەی سەرەوە بوونە هۆی کەم بوونەوەی لەرادەبەدەری ئاوی گۆلی ورمێ کە ئەگە ر ئەو ڕەوتە هەروا بڕوات ئەو گۆلە ویشک دەبێو دەردەسەرو گرفتێکی زۆر بۆ ناوچەکانی دەوروبەری دەخولقێنێ، بە هۆی بوونی ٨ میلیارد تۆن خوێ لەو دەریاچەیەدا پاش ویشک بوونی بە هۆی هەڵکردنی بایەکانی وەرزیی، زۆربەی زەویوزارو ڕەزو باغ و باغاتی دەورووبەری ئەو شورەکاتە خراپ دەبێ. زەرەرێکی یەکجار زۆر بە کشتو کاڵو ئاژەڵی ئەو ناوچە دەکەوێ و دیمەنی جوانی ڕازاوەی سروشت دەشێوێنێ و نەخۆشیی مەترسیدار و مەرگ هێنەر لە ناوچەکەدا بڵاو دەبێتەوە.

بە هۆی گرینگیی جوغرافیایی ناوچەکەو نیشتەجێ بوونی دوو گەلی کوردوتورک لە دەوروبەری گۆلی ورمێ، سیاسەتی چەواشەکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبواری ئەمنییەتی بەتەواوی دیارە. دەرکەوتوە کە ڕێژیم بەر لەوە فکرێک بۆ نەجاتی ژینگەو خەڵکی وەزاڵەهاتووی ناوچەکە بکاتەوە زیاتر لەفکری نەجاتدانی خۆی دایەو هاتوهاوار بۆ مانەوەی خۆی دەکاو کارەکانیشی هەرلە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دایەو بەرنامەو پڕۆژەکانیشی هەر لایەنی تەبلیغاتییان هەیە. بۆوێنە پڕۆژەی گێڕانەوەی ئاوی ڕووباری کەڵوێ بۆ گۆلی ورمێ پڕۆژیەکی خەیاڵییەو تەنیا لایەنی ڕاگەیاندنی هەیە چونکە لەڕاستییدا گێڕانەوەی ئاوی ئەو ڕووبارە بۆ گۆلی ورمێ وەزعی جوغرافیایی و سیستمی هیدرۆلۆژیی ئەو ناوچەیە دەشێوێنێ.

دوو ساڵە خەڵکی ناوچە بە نیشانەی ناڕازی بوون و دەربڕینی نارازایەتی، ڕۆژی ١٣ بەدەر کە بە ڕۆژی سروشت ناسراوە، دەچنە دەوروبەری گۆلی ورمێ و دەنگی نارەزایەتی بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەم ساردیو گرینگی نەدان بە ژینگە پارێزی و بوون بە شورەکاتی ئەو گۆلە دەردەبڕن دروشمو شۆعار بەرز دەکەنەوەو بە تونگەو بوتلیو دەبەی چووکە ئاو دەکەنە ناو ئەو دەریاچە تونییەو پلاکو دروشم هەڵدەگرن. ئاشکرایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لە ناوچوونی ئەو ژینگەیە هەنگاو هەڵناگرێ و هێزەکانی ئەمنی ڕێژیم خەڵکێکی زۆر دەگرن پاش، ئازارو ئەشکەنجەو نارەحەت کردنیان ئازادیان دەکەن. ئەوەی جێگای ئاماژەیە کە ڕێژیم لە جیاتی بێدەنگی و خەمساردی سەبارەت بە لەناوچوون و ویشکبوونی گۆلی ورمێ و، گرتن قۆڵبەستکردن و ئازاردانی خۆپێشاندەران و سیاسەتی چەواشەکارانەو هاتوهاواری زۆری لە پێناو هیچدا واباشە ڕێگاچارەیەکی شیاو بۆ حەلی کێشەکان بدۆزێتەوە چونکە بە قەولی قەدیمییان: "بەری خۆرێ بە بێژینگ ناگیرێ".

# بایەخی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دانانی ناوچەی دژە فڕین و دەستێوەردانی نیزامی لە لیبی

ئاسۆی حەسەن زادە

پاش ئەوەی ڕەوتی وەخەبەرهاتنی جەماوەری عەرەبی لیبیشی گرتەوە و موعەمەر قەزافی لە بەرامبەر هەنگاوونانی خەڵکی ئەو وڵاتە بەرەو ئازادی دەستی بۆ سەرکوتی بەربڵاو برد، ڕۆژی ١٧ی مارسی ٢٠١١ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە قەیرانی ئەو وڵاتە بڕیارنامەیەکی لە چوارچێوەی فەسڵی حەوتی مەنشووری ئەو ڕێکخراوەدا (واتە لەسەر بنەمایەک کە ئیلزام بۆ هەموو دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست دەکا) پەسند کرد.

بڕیارنامەی ١٩٧٣ ئەو سزا و گەمارۆیانەی ئەنجومەنی ئاسایش لە بڕیارنامەیەکی سێ حەوتوو پێشتری خۆیدا خستبوویە سەر حکومەتی قەزافی قووڵتر دەکاتەوە و لیژنەیەکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی گەشەسەندنەکانی قەیرانی ئەو وڵاتە دادەمەزرێنێ. بەڵام گرینگترین خاڵی ئەو بڕیارنامەیە ئەوەیە کە ڕێگا بە دەوڵەتان دەدا کە «چ بە جیا و بە شێوەی یەکلایەنە و چ بە کۆمەڵ و لە چوارچێوەی پەیمانە ناوچەیی‌یەکاندا هەموو هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی لە هێرش و سەرکوتی هێزەکانی حکومەتی قەزافی هەڵبێننەوە». ئەمە جیا لە دانانی هەرێمی دژە فڕین کە بە ڕوونی لە بڕیارنامەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، بەشێوەی زیمنییش ڕێگە بە دەوڵەتان دەدا هەتا لەو چوارچێوەیەدا کە لە بڕیارنامەکەدا دیاری کراوە دەستێوەردانی نیزامی لە لیبی‌دا بکەن.

ئەو بڕیارنامەیە بایەخێکی حقووقیی گەورەی هەیە و دەتوانێ ببێتە سەرفەسڵێکی باش لەبواری مامەڵەی ئەنجوومەنی ئاسایش لەگەڵ قەیرانەکانی لەم چەشنەدا. لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا جیا لە حاڵەتی دیفاعی مەشرووع کە ئەو مافە بە دەوڵەتێک دەدا لە بەرامبەر دەستدرێژیی دەرەکی دا بەشێوەیەکی کاتی و ڕێژەیی پەنا بۆ شەڕ بەرێ، دەوڵەتان بۆیان نیە بەبێ ئیجازەی ئەنجومەنی ئاسایش هێرشی نیزامی بکەنە سەر یەکتر. فەلسەفەی بوونی ئەنجومەنی ئاسایشیش بەو جۆرە کە لە کاتی دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ) داڕێژرابوو وای دەکرد کە بواری کردەوەی ئەو دامەزراوە بەو حاڵەتانە سنووردار بکرێ کە لەواندا دەوڵەتێک دەستدرێژی دەکاتە سەر دەوڵەتێکی دیکە، ئاشتی نێونەتەوەیی تێک دەدرێ یان مەترسیی تێکدرانی لەسەرە.

ئەگەر لە ماوەی نزیک بە نیو سەدەی یەکەمی تەمەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جگە لە چەند کەیسی شازی وەک شەڕی کۆرە و مەسەلەی کۆلۆنییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەفریقای باشوور، ئەنجومەنی ئاسایش بەهۆی ململانێی پێوەندیدار بە شەڕی ساردەوە ئیفلیج ببوو، لەپاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە ئەو ئۆرگانە بەشێوەیەکی پێشتر نەدیتراو چالاک بووە. بەڵام جیا لە هێندێک حاڵەتی وەک قەیرانی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن حکومەتی ئەوسای عیراقەوە کە لەڕاستیدا ستارتی ئەو دەورانە تازەیە بوو، زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو کێشانەی دەبووایە ئەنجومەنی ئاسایش مامەڵەیان لەگەڵدا بکا، کێشەی نێوخۆیی وڵاتان بوون. هەربۆیە زۆر زوو بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو کە لە سەردەمی نوێ‌دا ئەوەی پێش هەموو شتێک هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکا ئەو کێشە نێوخۆیی‌یانەن کە حکومەتی وڵاتەکان بەرەوڕووی هەموو یان بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەیان دەکەنەوە و دەتوانن کارەساتی گەورەی ئینسانیی بە ئاکامی قورسی نێونەتەوەیی‌یان لێ بکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، چ بە هۆی کۆسپە حقووقییەکان و چ بە هۆی بێمەیلیی سیاسیی دەوڵەتان، ئەنجومەنی ئاسایش هەمیشە بۆی سەخت بووە کە تەنیا و تەنیا لەسەر بنەمای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەدژی حکومەتی وڵاتێک هەڵوێستی بەکردەوە و زۆرەملێیانە وەربگرێ. بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە گشتییە کە لە بڕیارنامەی ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش لەپێوەندی لەگەڵ کوردەکانی عیراقدا هەیە، ئەو بڕیارنامەیە تەنیا بنەمایەک بۆ گەیاندنی یارمەتیی ئینسانی بە خەڵکی لێقەوماوی ئەو بەشەی کوردستان بوو و ناوچەی دژە فڕین کە ئەو کاتە لەلایەن ئەمریکا و بریتانیاوە دامەزرا، نەک هەر لەو بڕیارنامەیەدا ئاماژەی پێ نەکرابوو، بەڵکوو بە وتەی سکرتێری پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکان، خاویەر پێرێز دێکویلار، بەپێچەوانەی پەسندکراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشیش بوو. دواتر لە هێندێک مەوردی وەک شەڕی بۆسنی هێرزەگۆڤیندا ئەنجومەنی ئاسایش بە فەرمی و بە ڕوونی تەکنیکی ناوچەی دژە فڕینی وەک ئامرازێک بۆ پێشگیری لە کوشتاری خەڵکی بێدیفاع بەکار برد. بەڵام ئەوە لە قۆناغێکدا بوو کە قەیرانی یووگۆسلاڤی تەواو بەنێونەتەوەیی کرابوو و بەهۆی بەسەربەخۆیی گەیشتنی لایەنەکانی شەڕ وەک کێشەیەکی چەکداریی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

شەڕی کۆسۆڤۆ کە پاشباری زنجیرە درامای قەیرانی یوگۆسلاڤی بوو ئەو هەلەی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ڕەخساند کە لەو بەستەڵەکە حقووقییە نامەعقوولە تێپەڕێ کە بریتی بوو لەوەی بۆ دانی بڕیاری کارا (واتە دەرکردنی ئیجازەی هێرشی نیزامیی دەرەکی بۆ دیفاع لە خەڵکی سڤیل) دەبێ لە حاڵەتی کێشەیەکی نێودەوڵەتی‌دا بین، یان پرسەکە ئەمنییەتی نێودەوڵەتی بخاتە گرەوی خۆیەوە. کەچی بەهۆی هەڕەشەی ڤیتۆی ڕووسیەوە، ئەنجومەنی ئاسایش نەیتوانی بڕیارێکی لەو چەشنە دەربکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ناچار بوون لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ئەتلانتیکی باکووردا بەبێ ئیزنی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پاراستنی ئاڵبانییەکانی کۆسۆڤۆ دەستێوەردانی نیزامی لەو بڕەدا کە لە «یوگۆسلاڤی» مابوو، بکەن.

بەو باکگراوندەوەیە کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دانانی ناوچەی دژە فڕین لە لیبی و لەوەش زیاتر ڕێگەدانی دەستێوەردانی نیزامی لەو وڵاتەدا تەنیا و تەنیا لەسەر بنەمای سەرکوتی خەڵکی ئەو وڵاتە لەلایەن هێزەکانی لایەنگری قەزافییەوە دەکرێ وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە پراکتیکی ئەنجومەنی ئاسایشدا چاو لێ بکرێ. ئەوە ڕاستە تەنانەت ئەگەر ئەو فاکتەرانەشمان لەبەرچاو بێ کە دەتوانن لە بایەخی نەریتیی ئەو بڕیارە کەم بکەنەوە. گرینگترینی ئەو فاکتەرانە بریتیین لە : یەکەم، دوو دەوڵەتی ئەندامی دائیمیی ئەنجومەنی ئاسایش واتە چین و ڕووسیە و تەنانەت هێندێک وڵاتی وەک ئاڵمان دەنگی مومتەنیعیان بەو بڕیارە دا. دووهەم، بڕیارەکە بە ڕوونی هەر چەشنە هێرشێکی زەمینی و داگیرکردنی خاکی لیبی لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە قەدەغە دەکا. سێهەم، بڕیارەکە لەڕادەبەدەر داوای کۆمکاری عەرەبی بۆ دانانی ناوچەی دژە فڕین لە لیبی وەک بنەمایەک ناو دەبا و وەک ئەوە دەچێ کە ئەنجومەنی ئاسایش بڵێ بۆیە ئەو بڕیارەمان داوە چونکە ئەو ڕێکخراوە و ئەو دەوڵەتانەی پێش هەموو کەس کێشەکە پێوەندیی بەوانەوە هەیە داوایەکی بەو ئاقارەیاندا لێ کردووین. ئەوەش ئاماژەیەکە کە بۆ هەوێنی شەرعییەتی خۆتێهەڵقورتاندنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژەیەکی باش نیە.



> **«ئەگەر قەرار بێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەڕاستی لە خەمی سەرکەوتنی ئیدئالەکانی مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی دا بێ، دەبێ بزانێ کە شەڕی دیکتاتۆری تەنیا بە قسەی جوان ناکرێ»**

بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بێگومان لەلایەنی سیاسییشەوە گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە. خەیاڵکاری دەبێ ئەگەر بڵێین ڕیئالپۆلیتیک لە پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکاندا ڕوو لە کزییە. بەڵام هەر لەو کاتەدا ڕاست بەهۆی ئەوە کە جاری وایە بەرژەوەندیی دەوڵەتان ئەوە دەخوازێ، لە سەردەمی ئێستای ئیدارەی نێونەتەوەییی قەیرانە نێوخۆیی‌یەکاندا مافی مرۆڤ خەریکە جێگە و پێگەیەکی نوێ بۆخۆی پەیدا دەکا. ڕووماڵی بێوێنەی سیاسی و میدیاییی ناڕەزایەتییەکانی پاش بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران و دواتریش بەتایبەت هی ڕاپەڕین لە وڵاتانی عەرەبی‌دا تەنیا دیوی دەرەوەی ئەو ڕەوتە موسبەتەن و بە خۆشییەوە وا دیارە باوەڕ بەوە کە هەبوونی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەپێچەوانەی قازانجی درێژخایەنی کۆمەڵگای دەوڵەتانە شوێنەواری بنچینەیی لەسەر دیزاینی سیاسەتی نێونەتەوەیی دادەنێ.

دیارە هەر ئێستا سیاسەتی یەک بان و دوو هەوا لە پێوەندی لەگەڵ خەمخواردنی دەوڵەتە بەهێزەکان لە چارەنووسی ئەو خەڵکەی لە وڵاتانی ناوچەدا بە تاوانی داوای ئازادی سەرکوت دەکرێن، بە زەقی وەبەر چاو دەکەوێ. ئاکامە نێونەتەوەیی‌یەکانی سەرهەڵدانی خەڵک لە لیبی و لەنێو وانیشدا بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بەرهەمی کۆمەڵێک فاکتەری سیاسیی هانابەخشن کە مەرج نیە لە کەیسەکانی دیکەشدا وەک خۆیان هەبن یا دووبارە ببنەوە. بەو حاڵەش ڕەشبینییەکی بێجێ دەبێ ئەگەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و دژکردەوەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر سەرکوتی خەڵکی لیبی‌دا بۆ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی تری ناوچە بە زەنگی خەتەر و بۆ ئازادیخوازانی ئەو وڵاتانە بە هۆکارێکی پەرەگرتنی هیوا و متمانە نەزانین. ئیدی زەحمەتە بەکاربردنی سەرکوتی بەربڵاو لە دژی خەڵک بتوانێ وەک جاران سوود لە بێتەفاوەتی و دەست بەردانەوەی کۆمەڵگای جیهانی وەربگرێ.

لەوەش زیاتر، درێژەکێشانی شەڕ لە لیبی خەریکە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زۆر چاک بەرەوڕووی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی دەکاتەوە. درێژەکێشانی شەڕ و نەڕووخانی تا ئێستای حکومەتی قەزافی لەڕاستیدا بۆتە هۆی ئەوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆیان لە بەرامبەر دیلەمایەکی سەختدا ببیننەوە : ئەوان ئێستا دەبێ یان ئەو سنوورانەی ئەنجومەنی ئاسایش لەبواری دەستێوەردانی نیزامی‌دا – بەتایبەتی قەدەغە بوونی هێرشی زەمینی– بۆی داناون ببەزێنن (شتێک کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی عیراق زەحمەتە بیکەن)، یان مل بۆ ئەوە رابکێشن کە ململانێی نێوان خەڵک و دیکتاتۆری لە لیبی یەکلا نەبێتەوە و لە ئاکامدا زەمینە بۆ سەرکەوتنی هێندێک هەوڵی پارێزەر و ڕاگری ڕێژیمی دیکتاتۆر – وەک ئیبتکارەکەی یەکێتیی ئەفریقا– خۆش بێ (شتێک کە دەتوانێ بەپێچەوانەی حەزی ڕۆژئاوایی‌یەکان دامرکانەوەی سوونامیی سیاسی لە سەرجەم ناوچەیدا لێ بکەوێتەوە).

بۆ خۆبواردن لە هەڵبژاردنی یەکێک لە ئەلترناتیڤەکانی ئەم دیلەما سەختەدا، ڕۆژئاوایی‌یەکان جاری ڕێگایەکی سێهەمیان گرتۆتە بەر کە بریتی‌یە لە پشتیوانیی بەکردەوە (پێدانی پارە و لۆژیستیکی نیزامی) لە شۆڕشگێڕانی لیبی. ئەوەش شتێکە کە لە جۆری خۆی‌دا بێوێنەیە و دەری دەخا کە ئەگەر قەرار بێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەڕاستی لە خەمی سەرکەوتنی ئیدئالەکانی مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی دا بێ، دەبێ بزانێ کە شەڕی دیکتاتۆری تەنیا بە ڕیتۆریک و قسەی جوان ناکرێ.

# شەپۆلی گۆڕانەکانی سووریە

## (کلیلی لوبنان وفەلەستین لە دەست کۆماری ئیسلامی دەرچوون)

ن: ئارام ئیبراهیم خاص
وەرگێڕان لە فارسییەوە: تەها رەحیمی

سووریە کە رووبەرەکەوی ١٨٥،١٧٠ کیلۆمیتری دووجایە و نزیکەی ٢٠میلیون کەس لەو ولاتەدا دەژین لە نێوان ولاتانی لوبنان ، ئیسرائیل، تورکیەو عیراق هەلکەوتوەو لە سالی ١٩٧٠ەوە تا ئێستا لە ژێردەسەلاتی بنەماڵەی ئەسەدو پارتی بەعس دایە . هەموو شتیک چەند مانگ پیش و دوای خۆسووتاندنی لاوێکی دەسفرۆشی توونێسی لە دەرکی پارلمانی ئەو ولاتەوە دەستی پی کردو هێندەی پێ نەچوو وەک «دۆمینۆ» گۆڕان و راپەڕینی خەڵک دوای نزدیک بە ٥ دەیە دەسەڵاتی دیکتاتۆڕیی لە ولاتانی عەڕەبی خستە لێژییەوەو داخ وکەسەری پەنگ خواردووی خەڵک کلپەی کردو سەرهەڵدانی جەماوەری ،بارگەوبنە دیکتاتۆرەکانی وەک زەینولعابدین و حوسنی موبارەکی تێکەوە پێچاو کۆڵەکەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی دیکەی ناوچەی وەک عەلی عەبدوڵڵا سالح وقەزافی و بووتفلیقەی لەق کردو ترسی رە پادشاو دەسەڵاتدارانی عومان، ئوردۆن، عەرەبستان و بەحرەینیش خست. نزیک بە مانگێک لەوە پێش شەپۆلی گۆڕان سووریەشی گرتەوەو شاری سوننی نشینی «دەرعا» کە دەکەوێتە باشووری سووریە و سەر سنووری لوبنا، بوو بە دەروازەی راپەڕین وخەلک بە دروشمی ئازادی و چاکسازیی سیاسی رژانە سەر شەقام و بەرەبەرە خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی هەموو سووریەی تەنییەوە. وردە وردە خەڵکی شارەکانی دیمەشق، حەلەب، قامیشلوو و بەندەرەکانی بەیزا و بانیاس هاتنە ریزی ناڕازییانەوە و دژی دەسەلاتی دیکتاتۆری ئەسەدو پارتی بەعس راپەڕین و دوای نزیک بە ٤٨ ساڵ ئەو کەشە سەرکوت و تۆقاندنەی کە بە ناوی دۆخی نائاسایی باڵی رەشی بەسەر سووریەدا کێشابوو، تێکشکاند.

لێرە ئەو خاڵەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە دوای رووداوەکانی توونێس و میسرو رووخانی دیکتاتۆری لەم وڵاتانە دوای سێ دەیە دەسەلاتدارەتی و بەر لە سەرهەڵدانەکانی سووریە، بەشار ئەسەد لە دیمانەیەک لەگەڵ رۆژنامەی «وال ستریت ژورنال» دا دەڵێ وڵاتەکەی لە میسرو توونێس سەقامگیرترە، بەڵام هەر کە هەستی بە مەترسی کرد دەمودەست رایگەیاند کە چاکسازیی سیاسی ئەنجام دەدا. بەڵام خەڵکی سووریە چاوەڕێی بەڵێنییەکانی ئەسەد نەمانەوەو بەڵکوو خۆپیشاندانەکان لە باشووریترین ناوچەوە بەرەو باکوور تا ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوەو هەنووکەش درێژەی هەیە.

چاوخشاندنێک بەسەر شەقامی ئاڵۆزی سووریەدا

تا ئێستا ئاڵۆزییەکان لە سووریە نزیک بە ٢٠٠ کوژراو و دەیان بریندارایان لێکەوتۆتەوە. خۆپیشاندان لە دیمەشق و دەرعا بەردەوامەو بەندەرەکانی بەیزا و بانیاسیش هاتوونەتە ریزی شارە ناڕازییەکان. رۆژی چوارشەممەی حەوتووی رابردوو (٢٠١١/٤/١٣) خۆپیشاندەرێکی زۆر کە پتریان ژن بوون، ئاڵای سپی و لقی زەیتون بە دەست رێگەی سەرەکیی کەناری سووریەیان گرت کە ئەو وڵاتە بە تورکیەوە دەبەستێتەوەو داوای ئازادکردنی ناڕازییانیان کردە ئامانجی خۆیان. شاری حەڵەبیش کە دوویەمین شاری گەورەی سووریەیە کۆتایی بە بێدەنگی هێناو رۆژی چوارشەممە (٢٠١١/٤/١٣) شەقامەکانی لەزرین. سەرەڕای ئەوەی کە خوێندکارانیش لەم شارە خوازیاری چاکسازیی سیاسین. رۆژئاوای کوردستانیش رۆژی هەینی لە شاری قامیشلۆوە دەنگی خۆهی خستە پاڵ شارە ناڕازییەکانەوەو خۆپێشاندان دەستی پێکرد. هەروەها کوردەکانی شاری «حەسەکە»ش میتینگی بەشار ئەسەد سەرکۆماری سووریەیان بایکۆت کرد کە لەم شارە بەڕێوەچووو بە بەشداری نەکردن لە میتینگەکەی دا نیشانیان دا داواکانیان زۆر لە بەڵێنییەکانی ئەسەد زیاترن کە پێدانی ناسنامەو مافی هاووڵاتیی بوون دەگرێتەوەو ئەسەد دەیەوێ بەمجۆرە بەڵێنیانە بەرگری لە تێکەڵ بوون کورد لە رۆژئاوا بە بزووتنەوەی سەراسەریی سووریە بکا.

پێویستە بوترێ شارە بچووک و گەورەکانی دیکەی سووریەش هاتوونەتە ریزی ناڕەزاییانی شاری دەرعاوەو تا ئێستاش لە شاری بچووکی لازقیە ١٢ کەس و لە تێکهەڵچوونەکانی بانیاسیش نزیک بە ١٠ کوژراوو بریندار هەیە.

کارەساتی مرۆیی سووریە هێندە جەرگبڕە کە رۆژی سێشەممەی حەوتووی رابردوو(٢٠١١/٤/١٢)، ئەیاڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی سووریە بەبریندارانی ئاڵۆزییەکانی ئەم خۆپیشاندانانە راناگا بە توندی رەخنەی لەم وڵاتە گرت. ئەوە لە حاڵێکدایە رۆژی هەینی (٢٠١١/٤/١٥) لە زۆربەی شارو ناوچەکانی سووریە خۆپێشاندان و ئاڵۆزی و پێکدادان بەردەوام بوو. هەر ئێستاش شەپۆلی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە زۆربەی شارەکانی سووریە درێژەی هەیەو بەشار ئەسەد سەرکۆماری ئەو وڵاتە ناچار بوو بەڵێنی هەڵوەشاندنەوەی دۆخی نائاسایی بە خەڵک بدا کە نزیک بە چوار دەیەیە بە سەر سووریە دا سەپاوە.

پێویستە بوترێ دەوڵەتی سووریەش وەک دیکتاتۆرەکانی دیکەی رابردوو ئێستای رۆژهەلاتی نێوەڕاست، ناڕازییان و خۆپیشاندەران دەباتەوە سەر زایۆنیزم و بە دەستوپێوەندی بێگانانیان ناو دەبا، کە دەتوانین بەڵێنییەکانی بەشار ئەسەد لە سەر هەڵوەشاندنەوەی دۆخی نائاسایی بە جۆرێک پاشەکشەی خۆی دەوڵەتەکەی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستەکانی پێشووی سەبارەت بە ناڕازییان دابنێین.

بێدەنگیی ماناداری ئیسرائیل و تووڕەیی کۆماری ئیسلامی

رووداوەکانی سووریە دژکردەوەی جۆراوجۆری وڵاتانی ناوچەی بە دواوە بووە. ئیسرائیل کە رەنگە یەکێک لە زەرەرمەندانی رووخانی دەسەڵاتی موبارەک لە میسر بێ - چونکی هاوپەیمانێکی ٣٠ی ساڵەی لە دەست دا کە بە تەواوی بە گرێبەستی کەمپ دێڤید دەروەست بوو - رەوتی رووداوەکانی سووریەی بەدڵە. ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ەوە و دوای گرتنی بەرزاییەکانی گولان (جەولان) تا ئێستاش لەگەڵ سووریە لە حاڵەتی شەڕ دایە، ئەگەرچی سەرەتا هێندێک بەرپرسی ئیسرائیلی دژکردەوەی زۆر توندیان لە خۆ نیشان دا و تەنانەت ئاویگدور لیبرمەن داوای کرد ئەوەی بە قەزافی دەکرێ بە ئەسەد و رێژیمەکەشی بکرێ بەڵام هەنووکە بێدەنگییەکی واتادار روانگەی زۆربەی بەرپرس و دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلی گرتۆتەوە. بەڵام لە سەرەتای ناڕەزایەتییەکانەوە باس لە دەستوەردانی ئێران و هاوکاریی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی ناڕازییان لە سووریە لە ئارادایە. لە راستیدا ئێران باش دەزانێ بە نەمانی دەسەڵاتی هەنووکەیی ئەسەدو پارتی بەعس یەکێک لە گرینگترین هاوپەیمانەکانی خۆی لە ناوچە لە دەست دەدا. دوو هاوپەیمان کە جۆرج دەبلیۆ بووش لەگەڵ کۆریا، باکووری خستبوونیە لیستەی رەشی جیهانییەوە.

بە بێ شک هەر لەبەر ئەمەیە کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی دەگەڵ رووداوەکانی سووریە و بەحرەین دوو هەڵوێستی جیاوازی هەیە. کۆماری ئیسلامی لە بەحرەین پشتیوانی لە ناڕازییانی شیعە دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە تێکۆشانی زۆرینەی سوننیی سووریە بۆ لەسەر کار لابردنی بنەماڵەی عەلەویی ئەسەد مەحکووم دەکا و ناڕازییان دەباتەوە سەر رۆژئاوا. رەنگە قسەکەی (حشام ملحم) لە دیمانەکەی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئەلعەرەبیە زۆر راستیمان بۆ دەربخا کە لەم نووسینە کورتەدا باس کردن لە هەموویان ناگونجێ. (ملحم) دەڵێ «ئێران بە یارمەتیی سووریە بۆتە زلهێزێکی سەر دەریای سپیی نێوەڕاست.» کە واتە بۆیە هەروا بە سووک و ئاسانی رازی نییە ئەم هاوپەیمانە ستراتژیک و گرینگە لە دەست بدا. پێوەندییەکانی ئێران و سووریە بە تایبەت لە سەر سەرکوتی ناڕازییان بەو جێیە گەیشت کە رۆژی چوارشەممە ٢٣ی ئاوریل دامەزراوێکی ناحکوومی دژبەری دەوڵەتی سووریە بەڵگەیەکی لە قاودا کە بە بەڵگە نهێنییەکانی تۆڕی سیخوڕیی سووریە دەژمێردرێ. ئەم بەڵگەیە پەردە لەسەر هاوکاری و کەڵک وەرگرتن لە شێوازی سەرکوتی هاوشێوەی دژبەران لە سووریە و کۆماری ئیسلامی لادەدا.

ئێستا دەبێ چاوەڕوان بین بزانین کەنگێ دیکتاتۆرێکی دیکەش لە وڵاتانی عەرەبی فڕێ دەدرێتە نێو زبڵدانی مێژوو؟

# مەشعەڵی ئۆلەمپیکی ئازادی بەرەو کوێ؟!

ئاسۆ خەبات

بێگومان ئەوانەی شارەزایەکی کەمیشیان لە دنیای وەرزشیدا هەبێ دەزانن کەپیش هەموو ئۆلەمپیکیک، مەشعەڵی گڕداری ئەو ئۆلەمپیکەوەک هێماوسەمبولی یەکیەتیی نێوان ژنان، گەلان بە نێو خاکی وەڵا تاندا تێپەڕدەبن و وەرزشوانانی ناوداری وڵاتیش پێشوازی لە هاتنی ئەو مەشعەڵە دەکەن ، بەڵام بابەتەکەی من باس لە ئولەمپیکی وەرزشی نییە. بەڵکو دە مەهەوێت باس لە مەشعەڵی ئۆلەمپیکی ئازادی ئەمڕۆی جیهان بکەم مەشعەڵێک کە لە تونیس و بە سووتانی جەستەی لاوێکی داگیرسا و بووە هۆی سووتاندنی تەخت و تاجی (بن عەلی) و ڕووخانی حکوومەتەکەی ؛ هەروەها بووبە وریەک بۆ ئەو گەلانەی کە لە رووخانی حاکمانی دیکتاتۆڕیان نائومێد ببوون. لە میسری ژێرسوڵتەی موبارەکیش دا سیناریۆکە دووپاتە بۆوە. سەرەڕای کۆمەڵێک هەڕەشەو ترساندن لە لایەک و، وەعدەو بەڵێن لە لایەکی دیکەوە، لە کۆتایی دا حوسنی موبارەک ناچار بە ڕۆیشتن کراو بۆ هەتا هەتایە ماڵاوایی لە تەخت و بەخت کرد. ئەمە کۆتا سەفەری ئەو مەشعەڵە نەبوو، ئەمڕۆ مەشعەڵی ئۆلەمپیکی ئازادی زۆر و کەم گڕی لە جەستەی دیکتاتۆری چەند وڵاتێکی دیکە بەرداوە، لەوانە ؛ ئێران، لیبی، سووریە، بەحرێین، یەمەن، عەمان، ئۆردۆن، ئەلجەزایر، عەرەبستان و چەند شوێنێکی دیکەش لەم ئاگرەیان بەر کەوتوە. بەڵام کە ئاوڕێکی خێرایان وەسەر بدەین و سووکە لەنگەرێکیان لە سەر بگرین، دەبینین هەموو دەسەڵاتدارە ترساوەکان لە یەک خاڵدا هاوبیرو هاوڕان کە ئەویش هەموویان ئەوراپەڕین وسەرهەڵدانە جەماوەرییانە بە فیتنەو ئاژاوە لە قەڵەم دەدەن و هەموویان راپەڕینی هەژارو چەوساوەکان بە سیناریۆیەکی دەرەکی دەزانن.

دیارە پێشەنگی بیرۆکەی ناونانی خۆپێشاندەران بە ئاژاوەگیر، سەرکۆماری رێژیمی ئاخوندی مەحموودی کودیتاچی بووە، کە دوای ئاشکرا بوونی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان و دەسپێکی سەرهەڵدانەکان، ناڕازییانی ئێرانی بە (خس و خاشاک ) ناوبردن و بۆ تەئیدی قسەی ئەویش خامنەیی ڕێبەری کودیتاچییەکان، لە ئۆباڵێکی ئەشەدوبیلایی دا ناڕازییانی بە فیتنەچی و ئاژاوەگێڕو گێرەشێوێن و ناڕازایەتییەکانی ئێرانی بە سیناریۆی دوژمنانی جیهانی ئیسلام (دیارە ئیسلامێک کەخامنەیی مەرجەع و کۆماری ئیسلامی پێشەنگیەتی) ناوزەد کرد. ئەو وتانەی ئەو دیکتاتۆرە لە ئێراندا تازە سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵێک بوختان و ناونیتکەی بێ بایەخی دیکە بۆ بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا.

لەو وڵاتانەی کە مەشعەڵی گڕداری ئازادی تێیاندا داگیرساوە هەر لە بن عەلی و موبارەکەوە هەتا عەلی عەبدوڵڵا و بەشار ئەسەد و کێ و کێی دیکە. ... هەموویان ئەو راپەڕینە جەماوەرییانە بە فیتنەی دەرەکی و ئاژاوەگێری و ناڕازییان بەگێرەشێوێن وەسف دەکەن، کە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش رای جەماوەر، کە ئەگەر هەموو ئەو ناڕازیەتییانە سیناریۆ و فیتنەن، بە راستی دوژمن یا دوژمنەکان کێن؟ کام دوژمنە کە زۆرینەی گەلی ئەو وڵاتانەی لەگەڵە؟ کێیە ئەو دوژمنەی ئەوان ئاوا لێی تۆقیون و لە ترسانی زراویان چووە؟ ئەو دوژمنە کێیە کە کەرامەت بۆ چینی چەوساوەکان و مافخوراوی کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە؟ پێم وایە وشەی (ئازادی) ولامی هەموو ئەو پرسیارانەیە چونکە تەنیا دوژمنی هاوبەشی هەموو وڵاتانی دیکتاتۆرەو هەڕەشەی نەمانیان لێدەکا.

چونکە لە راستیدا ئەو وڵاتانە گەورەترین دوژمنیان ئازادی و ئازادیخوازانن. هەر بۆیەش بۆ سیستمە دیکتاتۆرەکان ئازایخوازان چەقڵی چاون و ئازادییش گەورەترین بەڵا و دوژمنە بۆ ئەوان. ئەمڕۆ لە ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناڤیندا مەشعەڵی گڕداری ئازادی خەریکە یاساکانی دیکتاتۆرییەت دەسووتێنێ و لە ناویان دەبا.

لێرەدا دەبێ بڵێم بە خۆشییەوە گەلی کوردیش لە گڕی ئەم مەشعەڵە پڕشەنگدارەو ئەو هەلە زێڕینەی مێژووی مرۆڤایەتی بێبەش نەبووەو چەخماغەی ئاگری دیکتاتۆرسووتێن ئەمڕۆ لە رۆژئاوای کوردستان،



سەرەتا لە عورفاو پاشان لە قامیشلووی کوردان لێدراو توانی دەسەڵاتی بەعسییەکانی یاری کۆماری ئیسلامی بێنێتە لەرزین وپارانەوە. دیارە جموجۆڵێکی کەم و زۆریش لە پارچەکانی دیکە لە ئارا دایەو کۆمەڵێک داوای بەرحەق بەرز کرانەوە کە دەبێت دەسەڵات بەژێرانەوە گوێیان لێ بگیرێ وجێبەجێیان بکا.

لە ئەنجامداو لە کۆی روانین بۆ ئەو شەپۆلە بەرینەی کە گەلانی وەزالەهاتوو بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادییەکانیان وەڕێیان خستووە، پێم وایە دوا وێستگەی ئەو ئاڵوگۆڕانەو فیناڵی ئۆلەمپیکی ئازادی لە یەکێک لە وڵاتانی عەرەبستان و ئێران دا دەبێ، چونکە ئەو دوو وڵاتە گرینگییەکی تایبەتیان لە جیهان و ناوچەکە دا هەیە.

عەرەبستان وەک قیبلەی موسلمانان و سەرچاوەو مەرجەعی فیقهی سوننە لە جیهاندا و ئێران وەک مەکۆو پارێزەرو وەلی و پێشەنگی مەزهەبی شیعە لە جیهاندا دەکرێ دا وێستگەی ئەو شەپۆلە ناڕەزایەتییەو دوا مەنزلگەی مەشعەڵی ئۆلەمپیکی ئازادی بن.

کە بە دڵنیاوەو بە پێی ئەو جمۆجۆڵەی لە هەر دوو وڵاتدا کەم و زۆر بوونیان هەیە ئەوانیش ناتوانن چیتر بە بیانووی ئایین و پیرۆزیی یاساکان خۆیان لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە بدزنەوەو کۆمەڵگەکەیان لە مافێکی سروشتی کە ئازادییە بێبەش بکەن. دڵنیام کە ئەوانیش گورزی یارو پشتیوانی چەساوەو مافخوازەکان و دوژمنی زۆردارو دیکتاتۆرەکان، واتە (ئازادی) یان بەردەکەوێت کە ئەگەر پێشی نەمرن پێێ عاقڵ دەبن و گوێی لە داوای شەقامی وڵات دەگرن.

# تراویلکەی تیرۆریزم

## (چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی تیرۆریزمدا)

زیندان ڕۆژهەڵات

بەشی دووهەم

وەرگێران لە فارسییەوە: سیروان مووساپوور

### پێویستییەکانی شکڵ گرتنی تیرۆریزم

باسکردنی هێندێک نموونەی مێژوویی و ئامانج خوازانەی تیرۆریزم کە ڕیشەی ئایینیان هەیە بەم مانایە نییە کە بزاڤە ئایدیالیستییە تیرۆریستییەکان تەنیا پاڵنەری ئایینیان هەیە. بە تایبەت لە دوو سەدەی دواییدا دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، ئانارشیزم، خەباتی سەربەخۆیی خوازانە و سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی لەو بزوێنەرانە بوون کە پێویستییەکانی شکڵ گرتنی تیرۆریزمیان دابین کردووە. لە لایەکی ترەوە سەرەڕای بەستێنی جیاواز و پاڵنەری جۆراوجۆر، ئەو جۆرە کردەوانە زیاتر لەبەر نارەزایەتی بە جۆرێک نادادپەروەری شکڵ دەگرن کە دەتوانێ لە هەژاری، هەڵاواردنەکان، باڵادەستیی بێگانەکان، نەتەوەخوازیی توندڕەوانە یان ڕەگەزپەرستی و لە کۆتاییدا هێژمۆنی خوازی سەرچاوە بگرێ.

خاتوو مونیک پلومێنتال لەسەر ئەم باوەڕەیە کە خەبات دژی هەژاری و بێبەشی دەتوانێ زیاترین سنووردارێتی و بەربەستی لە بەفەرمی کردنی توندوتیژی بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و دابەشکردنی گونجاو و عادڵانەی ئیمکانات و پێداویستییەکانی بەدواوە بێ. ئەو کەسانەی کە بەدوای بنچینە و هۆکارەکانی کردەوە تیرۆریستییەکانن، بەرگریمانەکەیان ئەوەیە کە کردەوە ژیرانە و ئەقڵانییەکانی ئەنجامدەران و بەڕێوەبەران هەڵسەنگێنن.

ڕێکخراوە بناژۆ و توندڕەوەکان بڕوایان بە هێندێک بەهای گونجاوی دەروونی و پڕۆسە و شێوازی ڕێکوپێک لە بڕیارداندا هەیە و گرووپە تیرۆریستییەکان کەرەسە و ئامرازی بەجێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە دڵخواز و لەپێشدا دیاریکراوەکان دیاری دەکەن. لە ڕوانگەی خاوەن رایان هۆکارەکانی کردەوە تیرۆریستییەکان دەکرێ ئابووری، سیاسی، ئایین و ئایدۆلۆژیک بن. بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەندامەکانی باندە تیرۆریستییەکان لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئامانج و مەبەستی هەڵبژێردراو بێ هەڵە و کەموکوڕییە، هەر بۆیە ئامادە دەبن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە خەبات بکەن و تەنانەت گیانی خۆشیان لەم ڕێگایەدا لەدەست بدەن.

جەخت کردنی زۆر لەسەر دەنگدانەوە خەبەرییەکان، لایەنەکانی پڕوپاگەندە و گەیاندنی پەیامی خۆیان بە گوێی دژبەرانیان سەلمێنەری ئەم ئیددیعایەن. لەبارەی تاگەکان، فیداییەکانی ئیسماعیلی و زیلییەکان و هێندێکی دیکە لە گرووپەکانی تیرۆری پیرۆز ئەم ئامانجانە لایەنی ئایینی بەخۆوە دەگرن. بەڵام گرووپە غەیرە ئایینییەکان یان سێکۆلارە تیرۆریستییەکانی سەدەی بیستەمیش بۆ ئامانجەکانی خۆیان پێشوەچوونێکی کەمتر لەوەیان ناوێ و کەمتر لەوەش خۆیان تووشی زەحمەت دەکەن کە لەگەڵ نەیاران و حەریفەکانیان دانیشتن و وتووێژ بکەن. لە یەک ڕستەدا مەبەستی سەرەکی «باشترکردنی هەلومەرج»ەکەیە بەڵام بە چ نرخێک و بە چ شێوەیەک؟

### لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی تیرۆریزم

ئامانجخوازیی دوور لە دەست پێڕاگەیشتن بە پێکهێنانی شاری خەیاڵی(یۆتۆپیا)، هەست کردن بە بێزاری و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی لەناو هاوڕێیان، خۆپاراستن لە پەشیمانی بە هۆی چەقبەستوویی، وێناکردنی چەشنێک وەرچەرخان لە مێژوودا،هەست کردن بە بێبەشییەکی ڕێژەیی و.. لە هۆکارە شاراوە و بەهێزەکانی پاڵنان و باوەڕی ئەو کەسانەن کە لە تیرۆرەکاندا بەشدار دەبن. ئامانجگەلی گەورە لە پشت کردەوە ڕواڵەتییەکانیاندا شاردراوەتەوە کە بۆ گەیشتن پێیان تەواوی دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی یان بەشێک لە دەرەنجام و ئاکامەکانیان.. دەبێ بخرێتە ژێر پرسیار یان گۆڕانی بەسەردابێ. ئەم جۆرە تێگەیشتنانە ڕێگە دەدا هەتا دادوەرییەکانی کەسانی دیکە لە دیاریکردنی ڕێژەی حەقانییەتی ئەم چەشنە بزاڤانە ببێتە جێگەی باس. ئامانج سەرەوژێرکردنی یاساکان و ڕێژیمی دەسەڵاتدارە کە دەتوانێ بە سەرنجدان بە بەربڵاویی کردەوەکان خۆماڵی، ناوچەیی یان بان ناوچەیی بن بەڵام کەمتر هەوڵ دەدرێ هەتا لە بەرژەوەندی ڕێژیمدا ئاڵترناتیوێک دیاری بکرێ.

«کلاین» لەو کەسانەیە کە لە هێرش بۆ سەر بنکەی دایمیی ڕێکخراوی ئۆپێک لە وییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش و بە بارمتەگرتنی یازدە کەس لە وەزیرەکانی نەوتدا دەستی هەبووە. ناوبراو دەڵێ: « ئەو ڕووداوانەی کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە فرانکفۆرت ڕوویان دا و ئەو خەباتەی کە لە هایدلبێرگ بە مەبەستی نارەزایەتی بە شەڕی ڤێتنام وئەمریکا دەستی پێکرد، بە بۆچوونی من لەو سەردەمدا تەنیا ڕێگای واقعیی خەباتی سیاسی بوو لە حاڵێکدا کە چالاکییەکانی تر تەنیا هێندێک گێچەڵی بێ ئامانج بوون. سێ ساڵ لەوەپێش ئەمن بیرم دەکردەوە کە بۆمب دانانەوە دەتوانێ وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانج بێ و دەمگوت ئێستا کە ئەوان گوێ بە قسەی ئێمە نادەن، ئێمەش چەند بۆمب دەتەقێنینەوە بەڵکوو دەنگی ئەم تەقینەوانە ئەوان لە خەو ڕاپەڕێنێ.

تیرۆریزم نەخۆشی و شێوازێکە کە بە پێشکەوتن، پێگەیشتن، گەشەکردن و پەرەسەندنی سیستمە ئەمنییەتییەکان دەرمان ناکرێ چونکە یەکەم ئەوەکە ئینسان بەبێ بەرگی ئاسنین و پۆڵایین خوڵقێنراوە و دووهەم ئەوەکە هەر ئەو مێشک و بیرەی کە قفڵ دروست دەکا دەتوانێ کلیلیش ساز بکا. واقعییەتی مێژوویی ئەوە دەردەخا کە ڕەوتی گەشەسەندنی



**تیرۆریزم نەخۆشی و شێوازێکە کە بە پێشکەوتن، پێگەیشتن، گەشەکردن و پەرەسەندنی سیستمە ئەمنییەتییەکان دەرمان ناکرێ چونکە یەکەم ئەوەکە ئینسان بەبێ بەرگی ئاسنین و پۆڵایین خوڵقێنراوە و دووهەم ئەوەکە هەر ئەو مێشک و بیرەی کە قفڵ دروست دەکا دەتوانێ کلیلیش ساز بکا**

تەکنۆلۆژیا لە پەنا گەشەکردنی ئامرازەکانی کاولکاری و تۆقاندن دەچێتە پێش. ناوە جۆراوجۆرەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان وەک بزووتنەوەی دووەمی ژوئەن، سپتامبری ڕەش، سلولە شۆڕشگێرەکان، بادر ماینهوف و.. نیشاندەری بەردەوام بوون و درێژەکێشانی ئەم نەخۆشییەن.

زۆرجار بۆ گەیشتن بەم ئاکامە کە کردەوەیەکی توندوتیژانە یان تیرۆریستی، پێویستە هێندێک پێشەکی و بەربواری پێویست لەبەرچاو بگیرێن بۆئەوەی پاڵنەری پێویست بۆ کردەوەکە دابین بکرێ. بەڵام ئەم پێشەکی و خۆئامادەکردنانە هەتا چ ڕادەیەک لەباری ئەخلاقییەوە سەیریان دەکرێ و لێیان ورد دەبنەوە؟ تا چ ڕادەیەک ئەقڵی نەریتی یان کۆمەڵێکی پسپۆڕ پەسندیان دەکەن؟ تۆ بڵێی گشت ڕێگا ئاشتیخوازانەکان هەتا کۆتایی تاقی بکرێنەوە؟و.. وا دێتە بەرچاو کە لە زۆربەی بابەتەکاندا لە دەست بردن بۆ وەها کردەوەگەلێکدا پەلەپەل دەکرێ و ڕێگای دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ ڕقەبەرەکان نە تەنیا هەتا کۆتایی بگرە هەتا ئاستی پێویستیش ناگیرێتە بەر چونکە وا هەست دەکرێ و بڕوا بەوە هەیە کە کردەوە و باوەڕەکەیان باشترینە. گرووپێک لەبەرچاو بگرن کە دوژمنانی خۆی تیرۆر دەکا. لە بەرامبەردا هێزەئەمنییەتییەکانیش بێکار دانانیشن و و هێندێک لە کەسانی ئەو باندە چریکی یان تیرۆریستییە دەسبەسەر دەکەن و ئەشکەنجەیان دەدەن. لەم حاڵەتەدا سەرلەنوێ گرووپی ناوبراو خۆی بە ناچار دەزانێ بۆ زەربەوەشاندن و تۆڵەکردنەوە کردەوەی هاوشێوە ئەنجام بدا. بەڵام ئاخۆ دژکردەوەی دووهەم یانی کردەوەی تۆڵەئەستێنانە هەتا چەند دەتوانێ لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی تیرۆریزمەکە کە بە واتای زیندووکردنەوە عەداڵەت و کەم کردنەوەی زوڵم و گەیاندنی دەنگی زوڵم لێکراوان بە گوێی خەڵکی دنیایە، یەک بگرێتەوە. داکۆکیکارانی زوڵم لێکراوان و پارێزەرانی دادپەروەری پاش ماوەیەک بە ڕادەیەک تێکەڵاوی بۆمب دانانەوە و ئینسان ڕفاندن و دزیی چەکدارانە بۆ دابین کردنی خەرجییەکانی کردەوەکانیان دەبن و بە ئەندازەیەک توانایی خۆیان لە پێناو پلان و شێوازە جیاجیاکانی خەباتەکەیان دەنێن کە پاش ماوەیەک ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا تۆڵەکردنەوەیەکی ڕووتە و هیچی تر. خۆشەویستان لە دەست چوون و دوژمن یان کەسی بەرامبەر تەنیا ناپاکی و پەستییە... لەم حاڵەتەدا دروشمە عەداڵەت خوازییەکان کە بەڵێنی سوڵحیان دەدا، بۆ بەردەنگەکانیان بێجگە لە درێژدادڕی و چەند وشەیەکی جوان شتێکی تر نییە...

دەسەڵات، توانایی مرۆڤە نە تەنیا بۆ کردەوە بەڵکوو بۆ ڕاکێشانی هاودەنگییەک لە بارەی کردەوەکەوە. دەسەڵات تایبەتمەندی تاک نییە بەڵکوو تایبەتمەندییەکی گشتییە و سەرەنجام لە لایەن خەڵکەوە دەبێ جێگا بگرێ. ئەوەیکە مانەوە و درێژەدان بە دەسەڵات دەستەبەر دەکا، کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی خەڵکە. لە حاڵێکدا کە تایبەتمەندیی حکوومەت سەپاندنی ئیرادە و ویستی دەسەڵاتدارانە کە لە ڕێگای ئامرازەکانی هێزەوە جێبەجێ دەکرێ. لە هەر شوێنێک لە دژی ئیرادەی کەس یان کەسانێک هێندێک کردەوە لە ڕێگای هێز و بە شێوەی زۆرەملێ ئەنجام بدرێن، توندوتیژی بەکار هاتوە. بەم شێوەیە توندوتیژیی گرووپە تیرۆریستییەکان لە دەسەڵات جیا دەکرێتەوە. تیرۆریزم ئەگەر چەشنێک لە باڵادەستی و هێزی پێوە دیارە، تەنیا باڵادەستییەکی ناو گرووپەکەیە، چونکە تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم هێز و تواناییە، ناسینی بێ شەرت و مەرجی ئەم شێوە هێز و باڵادەستییە لە لایەن کەسانێکە کە چاوەڕوان دەکرێ ملی بۆ ڕاکێشن و وەها کارێکیش تەنیا لەناو تەشکیلاتی خۆیاندا واتا دەبەخشێ.

لەڕاستیدا هێز و دەسەڵات بەشێک لە ماهییەتی هەر حکوومەتێکە بەڵام، توندوتیژی وانییە. توندوتیژی ماهییەتێکی ئامرازیی هەیە و وەک هەر وەسیلە و ئامرازێکی تر هەمیشە پێویستی بە ڕێنوێنی و ڕێ نیشاندان هەیە و لە ڕێگای ئامانجێک کە وەدوای دەکەوێ، ئاڕاستە دەکری و ئەوەیکە پێویستی بە ئاڕاستەکردنی بە هۆی شتێکی ترەوە بێ، ناتوانێ ببێتە ماهییەتێکی شتێکی دیکە...

«سورل» و «پارەتو» پەرەسەندنی توندوتیژی بە زیادبوون و پەرەسەندنی بوروکراسی دەبەستنەوە یانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەرچی زیاتر بە سیستمی بوروکراسی ببەسترێتەوە، توندوتیژی زیاتر پەرە دەستێنێ. بەڵام ئەگەر برۆکراسی مەرجی پێکهاتنی توندوتیژی لەناو کۆمەڵێکدایە، نەبوونی کۆدەنگی لەسەر بەها و بایەخەکان و ڕەتکردنەوەی زمانی دیالۆگ بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش و لەبەرچاو نەگرتنی شێوازەکانی هەڵسوکەوت کردنی مرۆڤدۆستانە و.. پێکهێنەری توندوتیژین و هەر ئەو لێک تێنەگەیشتنە لە نێوان لایەنگرانی بزوتنەوە ئامانج خوازەکانی تیرۆریستی و لایەنگرانی سەقامگرتوویی ئارایی لەسەر سیستمی نێونەتەوەییە کە دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تێگەیشتنی هاوبەش و پێک نەگەیشتن لەسەر یاسا و ڕێوشوێنە گشتییەکان. ئەمەش یانی زیاتر بوون و پەرەسەندنی توندوتیژیی ودابەزینی دەسەڵات و کاری ئەمڕۆ.

کاتێک کە زمانی لاواندنەوە، شێعر، دیالۆگ و وتووێژ و قەناعەت پێهێنان دادەبەزێ و کارایی نامێنێ، زمانی توندوتیژی دەست پێدەکا. لەوانەیە وا تێبگەین کە ئەم زمانانە کارێکیان لەدەست نایە و لایەنی بەرامبەر لەم زمانانە تێناگا یان بە هەڵە لێیان تێدەگا. گرینگتر ئەوەیە کە خۆمان ئەو زمانانە فێر نەبووبین. پەنابردن بۆ توندوتیژی دەرەنجامی شکستی زمانەکانی دیکەیە.

# مامۆستا هێمن، شاعیری عیشق و ئازادی

**وریا ڕەحمانی**

لە شەوی جەژنی بەراتی ساڵی ١٣٠٠ی کۆچیی هەتاوی لە گوندی لاچینی شاری مەهاباد لە ناوچەی موکریان لە نێو بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و زانستپەروەر دا منداڵێک لە دایک دەبێ کە پاشان دەبێ بە یەکێک لە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی ئاسمانی فەرهەنگ و ژیانی نەتەوەکەی و وەک یەکێک لە دیارترین و شوێندانەرترین روخسارەکانی وڵاتەکەی بۆ هەمیشەی مێژوو دەمێنێتەوە.

سەید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە «هێمن» کوڕی سەید حەسەن و لە وەچەی مەلاجامیی چۆڕی-ی شاری مەهابادە کە ماوەی زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەرتر لە باشووری کوردستانەوە بۆ ئەو شارە کۆچ دەکەن و ئیتر بۆ هەمیشە لەو مەڵبەندە دەگیرسێنەوە.

زۆر بە زوویی و لە سەرەتای منداڵیەوەی هۆگری خوێندنەوە و نووسین و فێربوون دەبێ و ڕەوانەی قوتابخانە دەکرێ. پاشان بە مەبەستی فێربوونی زیاتر و بەرز بوونەوەی ئاستی زانیاری و تێگەیشتن دەچێتە خانەقای بورهان و لەوێوە برەو بە خوێندن و خۆپێگەیاندن دەدات. هەر لەوێش دەبێ کە لەگەڵ کەسانێکی وەک هەژار و خاڵەمین و سەیفی قازی ئاشنا دەبێ و دەیانناسێ. بە وتەی خودی مامۆستا هێمن یەکێک لەو کەسانەی کە لەو سەردەمەدا زیاترین شوێن و کاریگەریی لەسەر دادەنێ مامۆستا ئەحمەدی فەوزی یە کە لەسەر دەستی ئەو فێری زمان و ڕێبازە ئەدەبییەکانی سەردەم دەبێ و ژیانی خۆی تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە مەدیوونی ئەو مامۆستا بلیمەت و لێهاتوویە دەزانێ.

بە هۆی حەز و هۆگریی زۆرەوە بە شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و خوێندنەوەی بەردەوام لەو بەستێنە دەستی دایە نووسینی شێعرو تاقیکردنەوەی خۆی لەو بوارەدا، کە هەر وەکی دەریش کەوت توانیی بەربەرە سەرکەوتنێکی بەرچاو و باش وەدەست بێنێ. هێمنی لاو و شاعیر زۆر بە زوویی قۆناغەکانی پێشکەوتنی شێعریی بڕی و و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواری دا وەک شاعیرێکی خاوەن هەست و لێوەشاوەی جیددی دەرکەوت. یەکەم ئەزموونە شێعرییەکانی خۆی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەم دا وەک: گەلاوێژ، نیشتمان، کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان، هەڵاڵە، دا بڵاو دەکاتەوە.

بە دامەزرانی کۆمەڵەی (ژ-ک) و پاشانیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک کوردێکی نیشتمان پەروەر و بە هەڵوێست بەشداریی تێدا دەکا و وەک ئەندامێکی کاراو لێهاتوو بە کردەوە دەکەوێتە خزمەتی هەرچی زیاتر بە خاک و نەتەوە بەش خوراوەکەی و بە تایبەت لە کاتی حکوومەتی کۆماری کوردستانیش دا زیاترین لەخۆ بردوویی و خزمەتە شایانەکانی لە خۆی نیشان دەدا و تا دوایین ساتەکانی تەمەنی پڕ لە شانازیی لە ڕێبازی نەتەوەکەی لای نەداوە و پێیان وەفادار مایەوە.

مامۆستا هێمن لە گەورەترین و هەرمانی ترین شاعیرەکانی کوردە کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کوردەواری دا سەریان هەڵداوە و پێگەیەکی خاوەن ڕێز و ماندگاریان بۆ خۆیان دەستەبەر کردوە. ئەگەرچی «سەیفولقوزاتی موکریانی» بە پێشەنگی شێعری کوردی موکریانی دادەنرێ، بەڵام بە ئەرخەیانییەوە ترۆپکی ڕازاوەی شێعری شێوەی موکریانی لە کارەکانی هێمن دا نمایانە و خۆی دەنوێنێ. هێمن بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی شاعیرە پایەبەرزەکانی پێش خۆیەوە و بەو دەسەڵاتە کەم وێنەیەی بەسەر زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی دا هەیبوو، دۆخێکی وەها جوان و دەوڵەمەندانەی لە شێعرەکانی دا پێک هێنا کە بۆ هەمیشە لە مێژوو دا دەمێنێتەوە.



ناسکیی خەیاڵ، بیری شاعیرانە، هەست بە بەرپرسایەتیە مێژوویی و مرۆڤییە نەتەوەیی یەکان، جوانی ناسی و جوانی پەرەستی، دەسەڵاتی بەرینی زمانی و ئەدەبی، ناسینی دروست و شیاوی مرۆڤ و کۆمەڵگا و بە دەیان تایبەتمەندیی شایانی دیکە لە کاریگەرییە پڕ ناوەرۆکەکانی شێعرو زمان و کەسایەتیی هێمنی مامۆستا و شاعیر و کوردپەروەری دێمۆکڕات بوو کە بارستاییەکی شایستەی مرۆڤە مەزنەکانی مێژوویی بە مامۆستا هێمنی نەمر و خۆشەویستی بەخشیوە.

شێعرەکانی مامۆستا هێمن پڕە لە تەکنیکە ئیستاتیکە ئەدەبییەکان و ڕوانگە ڕازاوەکانی شێعری و بەرفراوانیی خەیاڵ و هەڵوێستە پێشکەوتنخوازە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی هزری و ئەندێشەی قووڵی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی بەهێز. چەمکەکانی نۆستالیژی، تراژێدیا، دڵداری، نەتەوەخوازی، جوانی ناسی، ڕۆشنبیری، پێشکەوتنخوازی، ئازادی و ڕزگاریی مرۆڤ بە گونجاو و شایانترین جۆرەکانی خۆیانەوە لە شێعرو ئەدەبیاتی هێمن دا ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە و پانتایی بیرو خەیاڵی شاعیرانەیان فراوانتر کردۆتەوە. مامۆستا هێمن نموونەی شاعیرێکی نەتەوەپەرستی مرۆڤخوازی پێشکەوتووی سەردەم بوو کە تێکهەڵکێشێکی شایان لە تایبەتمەندییە ڕەگەزی و ئامانجە مرۆڤانەکانی پێک هێنابوو.

ئەگەرچی لە بەستێنی نۆرمی شێعری دا لاسایی لە پێشینیانی خۆی کردەوە، کەچی لە چوارچێوەکانی زمان و ناوەرۆک و ڕوانگەکانی شێعری دا ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بەرفراوانی بەسەر شێعری هاوچەرخی کوردی دا پێک هێناو بە پێشەنگە هەرە پێکهاتە شکێنەکانی شێعر و ئەدەبیاتی ڕۆژی کوردی دەژمێردرێ. مامۆستا هێمنی شاعیر، نووسەر، خەباتکار و ڕووناکبیری بلیمەتی کورد لە بواری کاری ڕۆژنامەگەرییش دا شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و جیا لەوەیکە ساڵانێکی زۆر و بێ پسانەوە لە توێی ڕۆژنامە و گۆڤارە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زەحمەتی زۆری کێشاوە، لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی پڕ لە شانازیی دا وەک دامەزرێنەر و سەرنووسەری گۆڤارێکی خاوەن پێگەو کاریگەری وەکوو «سروە»ش زیاترین خزمەتی بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ڕەسەنی نەتەوەکەی خۆی کردووە. لە مامۆستا هێمن چەندین کتێب و نووسراوەی بە نرخ بۆ کتێبخانەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بە یادگار ماونەتەوە کە بریتین لە: تاریک و ڕوون، ناڵەی جودایی، پاشەڕۆک، وەرگێڕانی توحفەی موزەففەرییە، وەرگێڕانی شازادە و گەدا، قەڵای دمدم و ...

ئەو شاعیرە جوانی پەرست و ئەو مرۆڤە کوردپەروەرەی وڵاتی کوردەواری بە داخەوە لە ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە شاری ورمێ دڵە پڕ لە خۆشەویستییەکەی لە لێدان دەکەوێ، بەڵام یاد و شێعر و نووسراوە جوان و پڕ بایەخەکانی بۆ هەمیشەی مێژوو لە نێو دڵ و زەینی هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دا دەمێنێتەوەو جاویدانەی دەکاتەوە. ئینجا تەرمی بەڕێزیشی بۆ شاری زادگەی، مەهاباد، دەگوازرێتەوە و لەوێ لە گۆڕستانی شاعیران و هونەرمەندانی کوردستان دا بۆ هەمیشە تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمان دەبێتەوە.

## دوێنێ.. ئەمڕۆ..بەیانی

.. لە ئەفسانەکاندا دەڵێن زرێبار پێشتر شارێک بووە بەنێوی فەیلەقووس. حاکمێکی زاڵمی هەبووە و خەڵکی بە زاڵە خستووە، هەر بۆیە پارسایەک (دەروێش) لە داوێنی چیایەکدا لە تەنیشتی شار سەر دەباتە سوجدە و دەڵێ تا خوا حەقم نەستێنێ سەر هەڵنابڕم. کاتێک سەری هەڵدێنێ شار بووە بە زرێبار....

***

دەروێش
سەرت لە خۆڕا هەڵبڕی
خۆ فەیلەقووس هێشتا شارە
ئەم کۆڵانە
هەر دێ و دەڕوا
ماندوویەتی و نە بێزاری
ناگرێتە خۆ!
چ منداڵ بوونەوەیەکین!
ئەم شەقامە
درێژەی پیاسەی دوێنێکە و
پار و پێرار و ئەو سایە
ئەم شەقامە
بە باوکیشمدا هات و ڕۆی
هەتا کوشتی
شارەکەم چۆن دڵت دێنێ
ئابلۆقەم بەی
ئەمە دۆستی دوژمنییە
سنوورداشم کەوە بۆخۆم
ئەمە بەس ئابڕوو چوونییە
شارەکەم وا
سی و سێ سێسەد و شەست و پێنج
بیست و چواری تریش
شەستا و شەست بوومەوە بێ خۆ
لێمگەڕێ با
کۆچێکیش بەرەو خۆم بڕۆم
با تەنیا جارێک سەربەخۆ
بەرەو خۆییبوون وەرگەڕێم
با «تەنیا»ییم
بخەمە نێو جانتایەک و
وردبوونی تەسلیم نەواژۆم
شارەکەم
تۆ فەیلەقووست هێشتا شارە و
دەروێشت سوجدەی پەلەی کرد
تاوانبارانی ئەم شارە
لە سەر کورسیی عەداڵەتدا
مەزاتی ماف خوازییانە و
ئوستادەکانی تەریقەت
دەرسی جندۆکەکان دەدەن!
ماندووتر لە پاتە و پاتبوونەوەی خۆمم
شێعرەکانم دەدەم لە با
دەیاندەمە دەسی زریان
دەیاندەم لە هەڕەشەی سیروان و دیجلە
ئەوی لە من بڕا
بڕا...!
ئەوی لە من جێما
جێما...!
دەستاوێژە درۆزنەکان
لە ملوە بن
دەستم مەگرن
با سەرەڕۆییم سەرکوت کەم
هەتا دوێنێ
ورەی قەندیلیمان
باسی کۆمسای گردۆکەکانیان بوو
هەتا دوێنێ
زرێبارەکان بە دڵی زەریاییمان
تلیان دەخوارد
جادەکان
مەستی شێعری ڕاستەوخۆمان
درێژەیان لێ ون دەبوو
بێ چرکە خۆم
شێعرەکانم
بوون بە پەیکەری بێ گیانی
شەقامەکانی ئەم شارە ...

**مەسعوود فەتحی «تەنیا»**

## خۆرنشین

تەپڵی باران و
ودمی با و
کەوباڕی پێدەشت و خوداش ...
بڕوایی چرۆیەکم نیە.

لە نێو هەر لەحزەیەکم دا لەتێکم دادەشکێتەوە و
بابردەڵەی نیازی ڕێم
لەم غوربەتەی هەنگاوەدا دەدۆڕێنم.

لە چەند بێ تۆ هەتیوێکم
ئەگەر باران
لێزمەیەکی وا دڵنیای خووساندبێم
باخەوانی ڕەزی تەنیام
بە هێشوویەک بڵێ گیان! و
لە خۆزگەی توێی گەڵایەکدا
کە دارستانێک دەقەومێ.
ئەگەر
تاوێک
بڕێک
هەرگیز ...

دڵنیا بە
تا هەمیشەی خۆرنشینی دڵم و وڵات
قەت نەمردووی
قەت نامری و
لە یادم دای
لە یادم دای ...

**وریا**

## باوەشی گڕ

وەرە لاچین ئە لەم خاکە، کە هێلانەی کڕێوەیە
من و تۆ لێرە ڕەنجەڕۆین، لێرە تۆفان بەڕێوەیە

لێرە لە سەر جووت بوونی گوڵ، بەهاری ژین دەخنکێنن
ئەگەر ئەستێرە ئاشق بن، دەچن ئاسمان دەسووتێنن

ئەگەر تینووی گڕی خۆر بی، دەبێ تا هەی لە شەو دابی
دەبێ وێڵ بی لە دووی خۆت و، هەتا هەی هەر لە خەو دابی

گەلێ رووم کردە ڕووگەی خۆم، کە دوورم کا لە ئازارێ
لە سووتانی گڕی بوغزو، لە بەندو خنکانی دارێ

کەچی زانیم تکام پووچە، ئاخر کەوتوومە هەرسێکی
بە پەت خنکاوی ناو بەندم، لە ئاگر دام لە سووچێکی

دەڵێن لەم خێڵە یاسایە، ئەتۆش تا هەی دەبێ وا بی
لە ژێر پەت دا لە نێو ئاگر، ئەگەر خنکاوو سووتابی

گوتم سەختە سزای ئێوە، بە سەر عەشقێکی بێ گەردا
دەڵێی زادەی دڵی کێون، دەڵێی ناخ و هەمووی بەردە

کە تێکڕا بووم گوڵی سوورم، بزەی خۆم دیت لە جێژوانت
پەریی ئازادیی مام هێمن، ئەمن خۆم کرد بە قوربانت

دەبا گڕ بم لە ناو جەستەت، پەتی من بسکی ئاڵت بێ
لە ئامێزی قەفەس ئاسات، نەکا کۆچم خەیاڵت بێ

خودایە من پەشیمانم، ئیتر هیچ کات تکا ناکەم
هەتا هەم لێگەڕێ دیل بم، ئە لەو زیندانە ڕاناکەم

چ خۆشە ناوگڕی باوەش، بڕۆن بۆ خۆتان ئازادی
وەعد بێ خۆم دەخنکێنم، بڵێن لەو بەندە ئازادی

**ئاسۆ خەبات**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 557 20 Apr 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# لە یادی
# ١١٣ ساڵەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا

**مستەفا مەعرووفی**

لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ ( ٢ی بانەمەڕی ١٢٧٧ی کۆچی هەتاوی) دا «کوردستان» یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخانەوە لە شاری قاهیرە چاپ و بڵاو بۆوە. ئەوە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە جیاتی ئەوەی لە نیشتمانی خۆیو لە نێو نەتەوەی خۆی دا لە دایک بێ، ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیو مێژوویی ئەو کاتی کورد لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا لە لایەک پێوەندییەکانی میسرو عوسمانی لە لایەکی دیکەوە بوو.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئاکامی جموجۆڵێکی سیاسیی ڕووناکبیرانی ئەوکاتی کورددا بوو کە لەسەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید دا لە ئیمپراتۆریی عوسمانی لە گۆڕێ دابوو. سوڵتان عەبدولحەمید پاش هاتنە سەرکار سەرەڕۆیی گەیاندە لووتکەو پارلمانی داخستو قانوونی ئەساسیی خستە پشت گوێ، دەستی بەسەرکوتی نارەزایەتییەکانو کەمەنەتەوەییو ئایینییەکان کرد. ماوەی دەسەڵاتی سوڵتان لە مێژوو دا بە «حکوومەتی زوڵم» ناسراوە، هەر ئەوە بووە هۆی پەرەگرتنی بزووتنەوەی سیاسی کە بەرچاوترین شکڵی بریتی بوو لە «جەمعیەتی تەعالیو ترقی» کە ڕووناکبیرانی کوردیش تا ئەو کاتە جەمعیەت بەرەو بیری شۆڤێنیستی لە دژی نەتەوە غەیرە تورکەکان نەچووبوو، تێی دا بەشدار بوون. لە نێو ئەو ڕووناکبیرانە دا بەدرخانیەکان بەرچاو دەکەوتن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ڕووناکبیرانی کورد نەیان دەتوانی ڕۆژنامە دەربکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە میسر لە ساڵی ١٨٤٠ەوە کە لە ئاکامی خەباتی محەممەد عەلی پاشا لە ئیمپراتۆریی عوسمانی جیابۆوەو سەربەخۆیی وەرگرت. لە دەیەی ٣٠ سەدەی ١٩ دا چەند شەڕی خوێناوی لەگەڵ ئیپراتۆریی عوسمانی لە نێوانیان دا ڕووی دا کە سێبەری خستبووە سەر پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەو بەدرخانییەکان بە کەڵکوەرگرتن لەو هەلومەرجە توانیان یەکەم ژمارەی «کوردستان» لە قاهیرە چاپ بکەن. جگە لەمەش قاهیرە بۆخۆی ناوەندێکی گرنگی ڕووناکبیری لەو سەردەمە دا بوو.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی سەرەتایەکی گرنگ بوو لە بزاڤی ڕووناکبیریو فەرهەنگو زمانی کوردیدا. تا ئەو کاتە بڵاو کردنەوەی مەسەلەی سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیو ... هتد لە ئەستۆی شێعر بوو. لە ئەحمەدی خانیەوە بگرە تا حاجی قادری کۆیی، تەنانەت ماوەیەکی زۆر دوای یەکەم ڕۆژنامەی کوردییش زمانی پەخشان زۆر باو نەبووە لە حاڵێک دا لە دنیای مۆدێڕنو پڕ ڕووداو و ئاڵوگۆڕدا شیعر درەقەتی تەرحی ئەو هەموو بابەتانەی نیەو لە ئورووپا لە مێژبوو پەخشان نووسین باو ببوو، بابەتی زانستی بە شێوەی پەخشان بڵاو دەبوونەوەو شاکاری زۆر بە ناوبانگ بە شێوەی پەخشان لە قالبی ڕۆمان دا لە گۆڕێ دابوو. بەم جۆرە گرنگیی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕێچکەی بۆ ڕووناکبیرانی دوای خۆی شکاندو ئەمڕۆ شاهیدی بڵاو بوونەوەی سەدان «عینوان» بڵاوکراوەی کوردین بێ ئەوەی تا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی کورد هەبێ.

بە دەرچوونی یەکە م ڕۆژنامەی کوردی بۆ یەکە م جار تریبوونێکی گرنگ کەوتە دەست ڕووناکبیرانی کورد کە سوڵتانی عوسمانی لەو کات داو سوڵتانەکانی دیکە لە داهاتوودا بە ئاسانی نەیان توانیو ناتوانن سەرکوتی بکەنو بیسڕنەوە.

بە بۆنەی تێپەڕینی ١١٣ ساڵ بە سەردەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا،هەر وەها لە یاد و بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا،بە گەرمی پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین. بە تایبەتی سڵاو بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەنێرین کە لەژێر زەبر و زەنگی ڕێژیمە دیکتاتۆر و دژبەکوردەکانی ناوچە،کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن و ژیان و گیانی خۆیان بۆ داکۆکی لە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی گەلەکەیان تەرخان کردوە و ژمارەیەک لەوان لە بەندیخانە و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دان یا دەربەدەر و پەڕیوەی وڵاتانی دیکە بوون.

## ڕێکخراوی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران پێوەندی خوی لەگەڵ «لوڤر» پچڕاند



سەرۆکی ڕێکخراوی شوێنەوارە مێژوویی و سەیرانگەکانی ئێران ڕایگەیاند کە پێوەندی خۆمان لەگەڵ مووزەی «لوڤر»ی فەڕەنسە، کە یەکێک لە مووزە هەرە بە ناوبانگەکانی ئورووپایە ڕادەگرین.

ناوبراو لە کۆڕێکدا دەڵێ مووزەکانی «لوڤر»و بریتانیا بە ڕواڵەت ناوەندێکی زانستین و بە پێی ڕێکەوتنێک لەگەڵ «لوڤر» بڕیار بوو شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران بۆ پیشاندان بگوازرێنەوە ئێران کەچی مووزەی «لوڤر» پێبەندی ئەم ڕێکەوتنە نەبوو بەقایی داوا دەکا وڵاتان دەبێ بەجۆرێکی دیکە بڕواننە ئێران و چیدی سەردەمی پێشوو واتە سەردەمی نۆزدە نییە بە چاوێکی سووکەوە لە ئێران بڕوانن چونکی ئێستا دۆخەکە تەواو بە پێچەوانە بۆتەوە. ناوبراو هەروەها وێڕای هەڕەشە لە مووزە نێونەتەوەییەکانی دیکە ئاماژە بە ڕاگرتنی پێوەندی خۆیان لەگەڵ مووزەی بریتانیا دەکا.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ پێشتر بەقایی هۆی ئەو دەست ئەو دەست پێکردنی مووزەی بریتانیای لە سەر گەڕاندنەوەی کاتی نووسراوەی کوروش، ڕەوشی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری و ڕووداوەکانی دواتری ڕاگەیاندبوو.

## شاعیر شێخ بورهان پاکی ماڵئاوایی لە ژیان کرد



شاعیر شێخ بورهان پاکی، بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە، لە تەمەنی (٥٤) ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

شێخ بورهان پاکی لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی «کرۆژ» سەر بە شارۆچکەی کۆیە لە دایکبووە، دایکی نەوەی شاعیری ناودار سافی هیرانییە.

شێخ بورهان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە تەواوکردوە، دواتر چۆتە بەغدای پایتەختی عێراق و خوێندنی لەبواری «ئامۆژگاریی تەندروستی ئاژەڵی» تەواو کردوە.

ناوبراو تا ساڵی ١٩٩٦ لە هەندێک لە فەرمانگەو دامودەزگاکانی کوردستان وەک فەرمانبەر ئەرکی لە سەر شان بووەو پاشان لە ساڵی ١٩٩٦ بەرەو ئورووپا چوو و لە وڵاتی هۆڵەند تا دوا ڕۆژی تەمەنی لەو وڵاتە مایەوە.

شاعیر چەندین تێکستی شیعریی لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردۆتەوە، جگە لە گێڕانی چەندین کۆڕی شیعری، دیوانێکی شیعری بەناوی «هاوارێکی بەبێ فریا» لە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکردەوە، بەم دواییەش بەنیازی بڵاوکردنەوەی دیوانێکی دیکەی شیعری بوو.

## هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێرتێکی مۆسیقای شارام نازری

کۆنسێرتی شانامە خوێنیی شارام نازری لە گەڵ گرووپی فێردەوسی کە بڕیاربوو لە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ خاکەلێوەدا لە شاری شیراز بەڕێوە بچێ، لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە پێش بە بەڕێوەچوونی گیرا.

یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆنسێرتی شارام نازری ڕایگەیاندوە کە سەرەرای ئەوەی شارام نازری ماوەیەکی زۆرە خەریکی تەمرین و کاری بەردەوامە بۆئەوەی بە باشترین شێوە کۆنسێرتەکەی بەرێوە ببا، لە ناکاو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پێیان ڕاگەیاندین کە بارودۆخەکە بۆ بەرێوەچوونی گونجاو نیەو هەڵیان گرتوە بۆ ماوەیەکی دیکە.

ناوبراو هەروەها ڕادەگەیەنێ کە هەڵوەشانەوەو



پێشگیری لە بەرێوەچونی ئەم کۆنسێرتە کێشە لە کارەکانی داهاتووشماندا دروست دەکا و ئێمە ناڕازین لەو کارەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە ئێزنیان بە بەرێوەچوونی ئەو کۆنسێرتە نەداوە.

شارام نازری هونەرمەندی ناوداری کورد بە بەکارهێنانی مێلۆدییە ڕەسەنەکانی کوردی بەتایبەتی کرماشانی و بەکارهێنانی لە بەرهەمەکانی فێردەوسیدا توانیویەتی فۆرمیکی نوێ لە موسیقی پێشکەش بکاو کاریگەریی خۆی دابنێ.

شایانی باسە کە لە دوای دانانەوەی ئەحمەدینژاد بە سەرکۆماری ڕەوتێکی خێراتر دەستی پێکردوە بۆ پێشگرتن لە چالاکی ئەو هونەرمەندانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێ پشتی کارو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد ناگرن.

## قوتابییەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵاتی باشترین قوتابی ساڵی ٢٠١١ی لە هەرێمی کوردستان وەرگرت



بەشی سریانیی وەزارەتی پەروەردەی هەولیر خەڵاتی ڕێزلینانی ساڵی ٢٠١١ ی خۆی لە قوتابخانەی هەرموتەی کۆیە بە موکریان چوکەڵی، قوتابیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی.

ئەو خەڵاتە وەک خەڵاتی ریزلێنانی باشترین قوتابیی سەرکەوتوو لە خوێندنی ساڵ درا بە موکریان چوکەڵی کە خەڵکی شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە ڕێوڕەسمی بەخشینی ئەو خەڵاتەدا کە بە بەشداریی هەموو قوتابییان و مامۆستایانی قوتابخانەی هەرمۆتە و دایک و باوکی موکریان چوکەڵی بەڕێوە چوو، بەڕێوەبەری قوتابخانە لە کاتی بەخشینی ئەم خەڵاتە بە موکریان لە وتەیەکی کورت دا ئاواتی خواست ئەم قوتابییە ببێ بە نموونەو سەرچەشنی هەموو قوتابیانی قوتابخانەکان.

## شەجەریان لەمەودوا بەرهەمەکانی لە دەرەوە ی ئێران بڵاودەکاتەوە



محەممەد عەلی ڕەفیعی بەڕێوەبەری بەرنامەکانی شەجەریان ڕێکەوتی٢٩ی خاکەلێوە ڕاگەیاند: پاش ئەوەی ساڵێک بە سەر داوای «مجوز» بۆ نوێترین بەرهەمی شەجەریان، گورانیبێژ ومۆسیقازانی بە ناوبانگی جیهان دا تێدەپەڕێ ئیدی هیوامان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی شەجەریان لە نێوخۆی ئێراندا نەماوە.

بەڵام ئەگەرچی وزارەتی ئێرشاد لە پێوەندی لەگەڵ دان و نەدانی «مجوز» هیچی باس نەکردەوە وێدەچێ دیمانەو هەڵوێستەکانی شەجەریان دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری بێ کارگەری نەبووبێ.

ڕەفیعی هەروەها باسی لە تۆماری کۆمپانیەک لە ئەمریکا کرد بۆ بڵاوکردنەوەو فروشتنی بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە لە سەر توڕی ئینترنیت. شەجەریان کە سەرۆکی شووڕای بەرزی مۆسیقای ئێرانیشە، هاوینی ٨٨ دەنگی لە بەرانبەر سەرکوتی خەڵک دا هەڵبڕی و بە وتووێژو هەڵوێستی جۆراوجۆر ئەحمدنیژاد وتەنی خۆی خستە ڕیزی پووش و پەڵاشانەوە (خەڵکی ناڕازی ) کە هەر دوابەدوای ئەمە ڕێکخراوەی دەنگ و ڕنگ و ڕادیۆی ئێران بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی شەجەریانیان ڕاگرت .



**مانا نیستانی:**
**دێموکراسی یانی .... حەق بە زۆرینەیە ، لێکدانەوەی ئێوە چیە؟**